# پشتبەستنی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا

د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا*
کاروخ نامیق رەزا**

وشە کلیلییەکان: پەرلەمانی کوردستان، هەواڵ، تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، گەندەڵیی دارایی.
https://doi.org/10.31271/jopss.10067

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بەئاگابوونە لە رادەی پشتبەستنی ناوەندە چاودێرییەکانی هەرێمی کوردستان بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ بۆ ئەم مەبەستە، ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە نموونە وەرگیراون و فۆرمێکی پێوانەییان بەسەردا دابەشکرا؛ بەو پێیەی پەرلەمانی کوردستان، بالاترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێرییکردنە؛ هەر بۆیە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمانتاران، بریتییە لە چاودێرییکردنی حکومەت و کەموکورییەکان؛ لەبەرئەوە دەکرێت هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، پەرلەمانتاران زیاتر کارا بکات، لە بواری رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ دوای هەڵاوێرکردنی فۆرمەکان، ئەم توێژینەوەیە گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی، هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، لە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکاندا، بە ئاستێکی مامناوەند لێکەوتەی هەبووە لەسەر پەرلەمانتاران؛ ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو هەوالانە، بە ئەندازەیەکی زۆر نەیانتوانیوە، سەبارەت بە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی، کاریگەرێتی دروست بکەن؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە پێشنیاز دەکات، تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان گرنگی زیاتر بە داتا و زانیارییەکانی ناو هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی بدەن و دڵنیاببنەوە لە راستیی و دروستییان، لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە؛ تا ببێتە جێگەی متمانەی ئەو کەس و لایەنانەی، کە پەیامەکانیان پێدەگات.

## ملخص

**إعتماد اعضاء برلمان اقليم كوردستان على أخبار التلفزيونات الكردية في مكافحة الفساد المالي**

اللغرض من هذا البحث هو الإطلاع على مدى اعتماد مراكز الرصد في إقليم كوردستان على أخبار القنوات الإخبارية بشأن مكافحة الفساد المالي؛ ولهذا الغرض تم أخذ أعضاء برلمان كوردستان كنماذج

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی راگەیاندن.
ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی راگەیاندن.
karuxnamiqnrt@gmail.com

وتم توزيع قائمة نموذجية موحدة عليهم، وذلك من منطلق أن برلمان كوردستان يمثل أعلى سلطة تشريعية ورقابية، لذا فإن أحد الواجبات الرئيسية للنواب هو مراقبة الحكومة وأوجه القصور في عملها، ويُفترض أن تدفعهم أخبار الفساد المالي الى تنشيطهم أكثر في مواجهة الظاهرة. وبعد تحليل النماذج، توصل هذا البحث إلى نتيجة مفادها أن أخبار الفساد المالي في القنوات الإخبارية كانت لها تأثير بمستوى متوسط على النواب مما يعني أن الأخبار لم تستطع ترك التأثير على قضايا محاربة الفساد المالي إلى حد كبير. لذلك يقترح هذا البحث أن تهتم القنوات الإخبارية أهماما أكبر بالبيانات والمعلومات في الأخبار حول الفساد المالي والتأكد من صحتها من مصادر متنوعة، من أجل أن تكونة محل ثقة من قبل الأطراف المتلقية لتلك الأخبار.


**Abstract**

**Adoption of Members of the Kurdistan Region Parliament on the News at the Kurdish Televisions in the Fight against Financial Corruption**

The aim of the study is to find out to what extent Kurdistan Regional Government (KRG) monitoring centres rely on the reports from Kurdish news channels in fighting financial corruption. We have chossen members of the Kurdistan Parliament to fill out the surveys drafted for this purpose. While the parliament is the highest legislative and supervisory authority, one of main duties of its members is to monitor government activities and its defects. Therefore, news reports on financial corruption could have an impact to make them more active in fighting it. After collecting the data from conducted surveys, we found out that the impact of news reports on financial corruption from news channels on parliament members is at a moderate rate, that means the news reports could not have any impact on cases of financial corruption. Thus, the study suggests to the news channels to pay more attention to those types of news and double check the data and information with different sources so that increase trust among receivers.

## پێشەکی:

گەندەڵیی دارایی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، بووەتە ئاڵنگارییەکی گەورە لە بەردەم هەرێمی کوردستاندا؛ بە یەکێک لە گەورەترین ئەو کێشانە هەژماردەکرێت، کە رووبەڕووی هەرێمەکە بووەتەوە؛ لەو چوارچێوەیەدا ئاشکراکردنی هەواڵەکانی تایبەت گەندەڵیی دارایی، بووەتە سیمایەکی دیاری زۆربەی کەناڵە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستاندا؛ کە لە رێگەی بەکارهێنانی چەندین فۆڕمی هونەریی تەلەڤزیۆنییەوە، کار لەسەر ئەم دیاردەیە دەکەن و هەوڵی دروستکردنی کاریگەرێتی دەدەن، لەسەر بینەر و لایەنی مەبەستدار.

تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان، لە رێگەی بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی هەواڵەکانی گەندەڵیی داراییەوە، یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی میدیا جێبەجێ دەکەن، کە ئەویش ئەرکی چاودێرکارییە؛ کە رۆژ لەدوای رۆژ گرنگیی وبایەخی زیاتر پەیدا دەکات و لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، بووەتە ئەرکی هەرە لە پێشی دەزگاکانی راگەیاندن؛ بەجۆرێک لەپاڵ ئامرازەکانی دیکەدا، راگەیاندن بووەتە ئامرازێکی کاریگەر، لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵیی داراییدا.

لە هەرێمی کوردستانیش، ئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی، لە لایەن تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانەوە، ئەو پرسیارەی دروستکردووە کە تا چەند ئەم هەوڵە، بووەتە هۆی سوود گەیاندن بە ناوەندەکانی چاودێریی و هاوکارییکردنیان لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە، لە رێگەی ئەو داتا و زانیاریانەی کە دەیان خەنە روو؛ لەو سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ بەئاگابوون لە رۆڵی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستاندا، لە پرۆسەی بە رەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ بەو پێیەی ئەم بابەتە لە رووی توێژینەوە زانستییەکانەوە، ئاوڕی زۆری لێ نەدراوەتەوە و پێویستی زیاتری بە سەلماندنی زانستییە؛ بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کەلێنەکان و هەڵسەنگاندنی بەشێوەیەکی وردی زانستییانە.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

**١- کێشەی توێژینەوە:**

لە هەرێمی کوردستاندا ساڵانێکە تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکان، بە تایبەت تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، کار لەسەر گەندەڵیی دارایی دەکەن؛ بەڵام بەئاگابوون لەو کاریگەرێتیی و لێکەوتانەی دروستی دەکەن، جۆرێک لە تەمومژاوی پێوەدیارە و نازانرێت تاچ رادەیەک و لە چ بوارێکدا کاریگەریی هەیە؛ ئەو کەموکورتیانە چین کە لەو بوارەدا هەیانە و پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە؛ بۆیە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بەئاگابوونە لە رادەی پشتبەستنی ناوەندە چاودێرییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت پەرلەمانتاران، بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ لەم سۆنگەیەوە توێژەران لە رێگەی پرسیارگەلێکەوە، کێشەی توێژینەوەکەیان دەخەنە روو:

أ- ئایا تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان توانیویانە زانیاریی پێویست بە پەرلەمانتاران بگەیەنن لەبارەی دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی و شێوازی بەرەنگاربوونەوەی؟

ب- ئایا تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان توانیویانە لەسەر ئاستی ویژدانی، پەرلەمانتاران بجوڵێنن لە بەرامبەر ئەو گەندەڵییە داراییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت؟

ج- ئایا تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان توانیویانە کاریگەرێتی لەسەر رەفتاری پەرلەمانتاران دروست بکەن و وایان لێ بکەن، بەکردەیی بەشداریی لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا بکەن؟

**٢- گرنگیی توێژینەوە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە کۆمەڵێک داتا و زانیاریی دەخاتە روو، کە شایەنی ئەوەیە لایەنی مەبەستدار بەشێوەیەکی جدی هەڵوەستە و تێرامان و شیکردنەوەی بۆ بکەن؛ بە تایبەت بۆ ئامادەکارانی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، لە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستاندا؛ بەمەبەستی پێداچوونەوە بە پەیام و نەهێشتنی ئەو کەلێنانەی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا هەیانە و دارشتنی ستراتیجێک، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت؛ هەروەها گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە، دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانستییە، بەو پێیەی ئەم بوارە ئاوڕی ئەوتۆی لێنەدراوەتەوە و پێویستی بە وردبوونەوەی زیاترە و توێژەران دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

**٣- ئامانجی توێژینەوە:**

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

أ- بەئاگابوون لە ئاستی پشتبەستن بە هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، لە لایەن پەرلەمانتارانەوە و خستنە رووی ئەو کەموکورتییانەی ئەو هەواڵانە هەیانە، کە وا دەکات بەشێک لە پەرلەمانتاران پشتی پێ نەبەستن.

ب- دیاریکردنی لێکەوتەی هەواڵەکان لەسەر ئاستی مەعریفی پەرلەمانتاران، لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.
ج- بەئاگابوون لە رادەی کاریگەرێتی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، لەسەر ئاستی ویژدانی پەرلەمانتاران لە پرسەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.
د- بەئاگابوون لە ئاستی کاریگەرێتی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، لەسەر رەفتاری پەرلەمانتاران لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.

**4- توێژینەوەکانی پێشوو:**

أ- توێژینەوەی (هێرش رسول مراد)[1]

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، دەستنیشانکردنی رادەی بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێریکارییە، لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەرامبەر بە پرسە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا؛ ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و پشتی بە هەردوو میتۆدی روپێوی و شیکاریی ناوەڕۆک بەستووە؛ فۆڕمی شیکاریی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی بابەتەکانی چاودێریکاری لە هەردوو رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" و "رۆژنامە"؛ هەروەها فۆڕمی راپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی لەو رۆژنامەنووسانەی کە لەو دوو رۆژنامەیەدا کار دەکەن؛ لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە: ئەرکی چاودێرکاری، گرنگترین ئەرکی راگەیاندنە بەلای رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانەوە؛ هەروەها ئاستەنگی سیاسی، دیارترین ئاستەنگی بەردەم ئەرکی چاودێرکاریی رۆژنامەنووسی کوردییە؛ رۆژنامەنووسان لە کاتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا، رووبەڕووی کۆسپ و لەمپەر بوونەتەوە.

ب- توێژینەوەی (مجاشع محمد علي)[2]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی گرنگترین ئەو بەرنامانەیە، کە لەبارەی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕیی لە تەلەڤزیۆنە عێراقییەکاندا پێشکەش دەکرێن و وا لە بینەر دەکەن، تەماشایان بکەن و کاریگەربن بەو زانیاریانەی دەیان خەنەڕوو؛ ئەم توێژینەوەیە پشتی بە هەردوو میتۆدی روپێوی و شیکاریی ناوەڕۆک بەستووە و فۆڕمی شیکاریی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی بەرنامەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە هەر سێ کەناڵی (عێراقیە، بەغدادیە و ئەلڕەشید)، هەروەها فۆڕمی راپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی لە سامپڵی مرۆیی توێژینەوەکە؛ کە بریتییە لە بینەری بەرنامەکان؛ بەپێی دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە: شێوازی گفتوگۆ بە پلەی یەکەم هاتووە لە بەرنامەکاندا، هەروەها گەندەڵیی دارایی سیاسی لە پلەی یەکەمی ریزبەندی شێوازەکانی گەندەڵیی

---

[1] هێرش رسول مراد، الوظیفة الرقابیة للصحافة الكردیة في إقلیم كوردستان، اطروحة الدكتوراه، قسم الاعلام-الصحافة، كلیة علوم الانسانیة، جامعة السلیمانیة، ٢٠١١.

[2] مجاشع محمد علي، تناول برامج التلفزیون لقضایا الفساد بالعراق وعلاقتها بتشكیل معارف الجمهور تجاهها، اطروحة الدكتوراه، قسم علوم الاتصال والاعلام، كلیة الاداب، جامعة عین شمس في مصر، ٢٠١٥.

داراییە لە عێراقدا؛ لە لایەکی دیکەوە کەناڵە تەلەڤزیۆنە تایبەتەکان (ئەهلییەکان)، لە پێشەنگی ئەو کەناڵانەدا دێن، کە لە لایەن لێتوێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، متمانەیان پێدەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو بۆ بەئاگابوون لە هەواڵ و زانیارییەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی؛ دواتر کەناڵە تەلەڤزیۆنە حزبییەکان.

ج- توێژینەوەی (نور أنور عاشور الدلو)[1]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەئاگابوونە لە ڕۆڵی "لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی" لە چارەسەرکردنی بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی لە ڕۆژنامە فەڵەستینییەکاندا؛ لە ڕێگەی زانینی گرنگترین دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی لە ڕۆژنامەکاندا؛ ئەم توێژینەوەیە پشتی بە هەردوو میتۆدی ڕوپێوی و شیکاریی ناوەڕۆک بەستووە و فۆڕمی شیکاریی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی بابەتەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە هەریەک لە ڕۆژنامەکانی "الحياة الجديدة" و "فلسطين" و "الرسالة"، لەگەڵ گۆڤاری "السعادة"؛ هەروەها توێژەر لە ڕێی فۆڕمی ڕاپرسییەوە، زانیاریی لە سامپڵی مرۆیی توێژینەوەکەی کۆکردووەتەوە؛ کە بریتییە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی دەکەن؛ ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بە چەند دەرەنجامێک لەوانە: گەندەڵیی دارایی ئیداریی بە پلەی یەکەم دێت، لەنێو جۆرەکانی گەندەڵیی داراییدا کە لە ڕۆژنامەکاندا گرنگی پێدراوە؛ دواتر گەندەڵیی دارایی و سیاسی؛ هەروەها لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکان بە پلەی یەکەم، بە ئاراستەی نەرێنی چارەسەریان بۆ بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی خستووەتەڕوو؛ پاشان بە ئاراستەی تێکەڵ و دواتر ئاراستەی ئەرێنی.

د- توێژینەوەی (محمد عبد البديع)[2]

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیە لە بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆر و شێوازەکانی گەندەڵیی داراییدا، لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵەی کە ئەو دوو ئامرازە لە کۆمەڵگەی میسریدا دەیگێڕن بۆ چاندنی ڕۆشنبیریی شەفافیەت ودەسپاکی؛ ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە و ئامرازی تێبینیکردنی گشتی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەنمونەی توێژینەوەکە؛ یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە ئەوەیە: گرنگترین هۆکار کە وا لە گەنجان دەکات تەماشای زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان بکەن، بوونی بابەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە لەنێو زنجیرەکاندا؛ هەروەها شێوازەکانی خستنەڕووی بابەتەکانی گەندەڵیی دارایی وپەند و وانە لە چارەنووسی گەندەڵکاران وسەرکەوتنی زوڵم لێکراوان لە دیمەنەکانی زنجیرەکاندا؛ هەروەها

---

[1] نور أنور عاشور الدلو، دور التحقيق الصحفي في معالجة قضايا الفساد بالصحافة الفلسطينية دراسة تحليلية و ميدانية مقارنة، رسالة ماجستير، كلية الآداب، قسم الصحافة و الإعلام، الجامعة الإسلامية في غزة، ٢٠١٥.

[2] محمد عبد البديع، دور الراديو والتليفزيون في غرس قيم الشفافية والنزاهة ومحاربة الفساد في المجتمع المصري دراسة نظرية كيفية، مجلة الإعلام والعلوم الاجتماعية للأبحاث التخصصية، مجلة علمية تصدر من قبل المعهد الماليزي للعلوم والتنمية، المجلد ١، العدد ٣، ٢٠١٦.

دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاشکرایان کردووە، هۆکارەکانی گەندەڵیی دارایی بریتییە لە: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت، خزمخزمێنە و واستە و بێکاریی.

**سودەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەگەرچی زۆرینەی ئەو توێژینەوانە لە رووی کێشە و ئامانجەوە لەم توێژینەوەیە جیاوازن، بە تایبەت هەندێک لەو توێژینەوانە زیاتر کاریان لەسەر رۆژنامە کردووە لە جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێرکاری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا؛ هەندێکی تریشیان بە گشتی باسیان لە رۆڵی میدیا کردووە لەو بوارەدا؛ بەڵام ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەیەکەی (مجاشع محمد علي) لە رووی کێشە و ئامانجەوە نزیکن لەیەکترەوە؛ بەو پێیەی هەردووکیان باسیان لە کاریگەرێتی رۆڵی تەلەڤزیۆن کردووە لەسەر وەرگر، لە هەمبەر وروژاندنی بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵی؛ هەروەها ئەو توێژینەوانە بەرچاو روونییەکی باش بووە بۆ دیاریکردنی میتۆدی ئەم توێژینەوەیە و هاوشێوەی هەر سێ توێژینەوەی (هیرش رسول مراد) و (مجاشع محمد علي) و (نور أنور عاشور الدلو) پشتی بە میتۆدەکانی روپێوی و شیکاریی ناوەڕۆک بەستووە؛ هەروەک توێژەران توانیویانە سود لەو توێژینەوانە وەربگرن بۆ دیاریکردنی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی کێشەی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئامانجەکانی؛ هەروەها بۆ ریزبەندکردن و دابەشکردنی پێکهاتەی توێژینەوەکە، سودیان لێوەرگیراوە؛ ئەمە جگە لەوەی ئەو توێژینەوانە، سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیەی زیاتر دەوڵەمەند کردووە.

**٥- تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا:**

بۆ بەئاگابوون لەو کاریگەرێتیانەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، لەسەر پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان دروستی دەکات سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، ئەم توێژینەوەیە پەنای بردووەتە بەر تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن و فۆرمی پێوانەییەکەی لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە دروستکردووە؛ کە یەکێکە لەو تیۆرانەی هەوڵدەدات رادەی کاریگەرێتی پەیامە میدیاییەکان لەسەر وەرگر دەستنیشان بکات؛ بنەچەی تیۆرەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆدێلەی هەریەک لە "ملفین دیلفیر" و "ساندرا بول رۆکیچ" لە ساڵی ١٩٧٦ دا حستیانە روو، کە دواتر بووە وەرچەرخانێکی گرنگ لە توێژینەوەکانی کاریگەرێتی و دیاریکردنی روخسارێکی دیاریکراو بۆ بونیادنانی ئەو تیۆرانەی راگەیاندن کە تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ رۆڵی راگەیاندن پێشکەش دەکەن[١].

بەگوێرەی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن، بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئامانجە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەدی بهێنن، پێویستە پشت بە کەناڵەکانی راگەیاندن ببەستن، بۆ وەرگرتنی زانیاریی کە وەڵامدەرەوەیە بۆ پێداویستییەکانیان و هاوکاریکردن لە بەدی هێنانی ئامانجەکانیاندا؛ دیلفیر و رۆکیچ پێیانوایە: لێرەدا زانیاری بریتییە لە هەموو پەیامێکی میدیایی، تەنانەت بەرنامەکانی خۆشی و کات بەسەربردنیش[٢]؛ ئەم تیۆرە ئەوەش دەخاتە روو لە بەرەنجامی پشتبەستنی تاکەکان بە

[١] نها عبد المقصود، نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام الاسس والمنطقات،القاهرة، المعهد المصري للدراسات،٢٠١٨،ص١.
[٢] هيثم هادي الهيتي، الإعلام السياسي والإخباري في الفضائيات، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٠، ص١٣٣.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، سێ جۆر کاریگەرێتی لەسەریان دروست دەبێت؛ ئەوانیش کە بریتیین لە: کاریگەرێتی مەعریفی (زانیاری وەرگرتن)، کاریگەرێتی ویژدانی و کاریگەرێتی ڕەفتاری؛ لە ڕێگەی کاریگەرێتیە مەعریفییەکانەوە، تاکەکان دەتوانن زانیاری تەواویان دەستکەوێت و ئەو دۆخە تەمومژاویانە بڕەوێننەوە کە بۆ بوارێک هەیانە؛ ئیدی دەتوانن ڕاڤەی گونجاو بۆ ڕووداوەکان بکەن و بۆچوون و بایەخبەندیان گەڵاڵە بکەن و سیستمی بیروباوەڕەکانیان بەرفراوان بکەن[1]؛ هەرچی کاریگەرێتی ویژدانییە بریتییە لەو هەست و سۆزە مرۆییانەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ناخی تاکەکاندا دروستی دەکەن، لە خۆشەویستی و ڕق و کینە و ترس و دڵەراوکێ و پشتگیری سۆزداری بەرامبەر بابەتە جیاوازەکان؛ سەبارەت بە کاریگەرێتی ڕەفتاریش ئەم تیۆرە پێمان دەڵێت، لە بەرەنجامی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تاکەکان کۆمەڵێک ڕەفتار دەنوێنن، جا ئەو ڕەفتارانە ڕەفتارێکی چالاکئامێز بێت (Activition) یاخود ڕەفتارێکی بێباکانە (ناچالاک) (Deactivition)، بۆ نموونە ڕاگەیاندن دەتوانێت لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، کاریگەرێتی لەسەر تاکەکان دروست بکات، تا بەشداری لە دەنگدان بکەن، دەشتوانێت وایان لێبکات بەشداری نەکەن[2].

[1] ملفين ل. ديفلير، ساندرا بول روكيتش، نظريات وسائل الاعلام، ترجمة: كمال عبد الرؤوف، القاهرة، الدار الدولية للنشر والتوزيع، ١٩٩٢، ص٢٤٢.

[2] حسن عماد المكاوى و ليلى حسن السيد، الاتصال ونظرياته المعاصرة، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٨، ص٣٢٩.

## بەشی دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە رووی تیۆرییەوە رۆشنایی دەخاتە سەر کۆمەڵێک چەمک و بابەت کە تایبەتن بە کرۆکی توێژینەوەکەوە و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت:

**١- تەلەڤزیۆن:**

مارشاڵ ماکلۆهان دەڵێت: هەموو ئامرازێک کە مرۆڤ دایهێناوە، درێژکراوەی هەستەوەرەکانیەتی؛ پێیوایە تەلەڤزیۆن **ئامرازێکی** گرنگە بۆ گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەدا؛ بە تایبەت دوای ئەوەی توانی جیهان بکاتە گوندێکی بچووک و مرۆڤی گەڕاندەوە بۆ پێگە سروشتییەکەی خۆی، دوای ئەوەی کە چاپەمەنی لە یەکتری دوور خستبوونەوە؛ وایکرد بوو کە مرۆڤ تەنیا هەستەوەری "بینین" بەکاربهێنێت، بەڵام تەلەڤزیۆن وایکرد، هەموو هەستەوەرەکانی بەکاربهێنێت؛ ماکلۆهان پێشیوایە ئەگەر ئامرازەکە باش بێت، بە دڵنیاییەوە پەیامەکەش باش دەبێت و رێگە بە بینەر دەدات، بەشداربێت و بە قوڵی تێکەڵاو بێت[١].

بایەخ و گرنگی تەلەڤزیۆن لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە توانای بەدیهێنانی ئامانجی درێژخایەنی هەیە؛ دەتوانرێ لەرێگەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنەوە، ئاراستەیەکی دیاریکراو لەلای جەماوەر دروست بکرێت؛ بە تایبەتی ئەگەر هاتوو کۆمەڵگە بە قۆناغی گۆڕانکاریی و راگوزەردا بروات؛ ئەو بابەتەی کە پێویستی بە دەرکەوتنی بەها و ئاراستەی نوێیە، تەلەڤزیۆن دەتوانێت رۆڵێکی گرنگی تێدا ببینێت بۆ بەدەستهێنانی ئاراستەی نوێ یان گۆڕانکاریی لە ئاراستەی پێشوو؛ بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەکە؛ ئەوەش بەندە لەسەر هەڵبژاردنی بابەتی میدیایی باش و گونجاو[٢].

**٢- هەواڵی تەلەڤزیۆنیی:**

هەواڵی تەلەڤزیۆنیی، بناغە و رەگەزی یەکەمی گەشتی هەواڵەکانە لە تەلەڤزیۆندا؛ هەواڵێکی ڤیدیۆییە لە شوێنی رووداوەکان دەخوڵقێت و بەرهەمدێت، کە تیمی رۆژنامەوانیی تەلەڤزیۆنیی (وێنەگر، پەیامنێر، کارمەندانی دەنگ و رووناکی) ئەرکی گواستنەوە و تۆمارکردنی لە ئەستۆ دەگرن؛ هەواڵی تەلەڤزیۆنیی، لە کۆمەڵە گرتەیەکی ڤیدیۆیی یەک لە دوای یەک پێکدێت، کە هەر یەکەیان پەیوەندیی بەوەی ترەوە هەیە؛ لە رووی زانستییشەوە، گرتەی ماوە کورت تەنیا چەند چرکەیەکە؛ لە کاتێکدا گرتەکانی رووداوی هەواڵیی، دەکرێت لە چەند خولەکێک پێکبێت، وەکو ئەوەی لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا روودەدات؛ لەبەرئەوە دەتوانرێت بوترێت، هەواڵی تەلەڤزیۆنیی، بریتییە لە گواستنەوەی رووداوی رۆژ، بە وشە و رستەی کورت و هاوتەریب بە ڤیدیۆ و رەنگ و جوڵە؛ بە

(١) شعباني مالك، دور التلفزيون في التنشئة الاجتماعية، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة محمد خيضر، العدد ٧، الجزائر، ٢٠١٢، ص٢١٦.

(٢) بلحفصي وفاء و مسلم لمياء، تأثير الرسوم المتحركة على شخصية الطفل الجزائري، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة أم البواقي، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الإنسانية، الجزائر، ٢٠١٦، ص٤٥.

ئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر لە زانینی ئەو رووداوانەی لە دەوربەریان روودەدەن[1].

**٣- چاودێرکاری میدیا:**

بۆ بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاریی میدیایی، ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن دەبنە ناوەندێك بۆ تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی گەندەڵی و هەڵە و لادانەکان لە دامەزراوەکانی کۆمەڵدا؛ ئەوەش لە پێناو پاککردنەوەی کۆمەڵ، لە سەرجەم دیاردەکانی گەندەڵی؛ هەروەکو رۆژنامەنووسیی رۆڵ دەبینێت لە رێککردنەوە و چاککردنەوەی پێشوەختی خودی، ئەوەش لە رێگەی پێدانی زانیاریی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە ئامانجی دەرکردنی بڕیار بۆ گۆڕانکاریی و راستکردنەوەی هەڵەکان[2].

دەزگاکانی راگەیاندن لە نێویشیاندا تەلەڤزیۆن، بە زۆری لەم رێگایانەوە ئەرکی چاودێرکاریی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی جێبەجێ دەکەن[3]:

- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خۆپارێزیی و رەوشتی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستە چاودێرییەکان.
- رێکخستنی هەڵمەتی میدیایی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، تاوەکو پاڵپشتی لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی بکەن.
- تیشکخستنە سەر کێشە و گرفتی دامودەزگا حکومییەکان و ئاشکراکردنی بەربەستەکانی بەردەم باش بەرێوەنەچوونی کارەکانیان.
- رووماڵکردن و چاودێرییکردنی ئەو کۆنفرانس و کۆنگرانەی کە تایبەتن بە بابەتی گەندەڵیی دارایی و بڵاوکردنەوەی راپۆرت لەبارەیانەوە و گرنگیپێدانێکی تایبەت پێیان.
- بڵاوکردنەوەی ئەزموونی گەلانی دیکە، کە سەرکەوتووبوون لە دانانی سنوورێک بۆ گەندەڵیی دارایی و هەوڵدان بۆ تیشکخستنە سەریان.
- چاودێرییکردنێکی وردی ئەو بابەتانەی گەندەڵیی دارایی، کە هەستیارن و جێگەی مشتومڕی زۆرن؛ بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی.
- هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە گرنگی چاکسازیی لە رێگەی کاری خۆبەشی، بە ئامانجی گەیشتن بە چاکسازییەکی ئەوتۆ، کە جێگەی خواست و داواکاریی هەموو لایەکدا بێت.
- پەیڕەوکردنی پرەنسیپی شەفافیەت و روونی لە ئاشکراکردنی هەموو کارە ئیدارییە خراپەکاندا، وروژاندنی گەندەڵییە داراییەکان و بایەخپێدانی زۆر پێی، تاوەکو دەبێتە ئەجێندای یەکەمی کاری میدیایی و دەبێتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دەزگاکانی راگەیاندن.

---

[1] عامر إبراهيم العمرو، تقييم الصحفيين الأردنيين لمهنية الأخبار في التلفزيون الأردني، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة البترا- الأردن، كلية الاعلام، قسم الصحافة والاعلام، ٢٠١٥، ص٥٥.

[2] هيرش رسول، الوظيفة الرقابية للصحافة، بيروت، مكتبة زين الحقوقية والادبية، ٢٠١٦، ص٦٥.

[3] حاتم بديوي الشمري و ابتهال جاسم رشيد، دور وسائل الإعلام في مكافحة الفساد العراق أنموذجا، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية، المجلد ٦، العدد ٤، جامعة بابل، ٢٠١٦، ص٢٨٧.

**٤- گەندەڵیی دارایی:**

ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی گەندەڵیی بەوە پێناسە دەکات کە بریتییە لە: "خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی سپێردراو بەمەبەستی بەدەستهێنانی سود و قازانجی کەسی و تایبەتی".[١] هەروەها بانکی نێودەوڵەتی دەڵێت: گەندەڵیی بریتیە لە "خراپ سود وەرگرتن لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەت".[٢] لە لایەکی دیکەوە، فەرهەنگی ویبستەر، پێناسەی گەندەڵیی بەوە دەکات کە بریتییە لە: "ڕەفتارێکی نایاسایی، بە تایبەت لە لایەن کەسانی دەسەڵاتدار وەکو بەرپرسانی حکومیی و ئەفسەرانی پۆلیس".[٣]

هەرچی گەندەڵیی داراییە، یەکێکە لە دیارترین جۆرەکانی گەندەڵیی؛ کە پەیوەستە بە دەستکەوتی ماددی لە لایەن فەرمانبەرەوە بە بەکارهێنانی پلە و پۆست، بۆ سودی تایبەت؛ لە ڕێگەی لادان لە یاسا و ڕێنماییە داراییەکان کە کاروباری دارایی حکومەت و دامەزراوەکان ڕێکدەخەن؛ یاخود لە ڕێگەی سەرپێچیکردنی ڕێنماییە تایبەتییەکان، سەبارەت بە دەزگای چاودێریی دارایی تایبەتمەند بە پشکنین و چاودێری هەژمار و پارەکان؛ دەکرێت شێوازەکانی ئەم گەندەڵییە لە مانەدا تێبینی بکرێت: بەرتیل، ئیختیلاس، ساختەکردنی بەڵگەنامە، سپیکردنەوەی پارە، خۆدزینەوە لە باج و گومرگ و چەندین شێوازی دیکە[٤].

**٥- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی:**

ڕێگا و شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی گەلێک زۆرن، لێرەدا ئاماژە بە چەند ڕێگایەکی سەرەکی کراوە لەوانە:

- شەفافیەت (Transparency): شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، لە گرنگترین پێداویستییەکانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی؛ یەکێکە لە ستراتیژییە گشتییەکان، کە وڵاتان لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی شێوازە جیاوازەکانی گەندەڵیی داراییدا پەنای بۆ دەبەن؛ هەتا ئاستی شەفافیەت لە وڵاتدا زیاتربێت، بڕوای هاوڵاتیان بەو کەسانە زیاتر دەبێت، کە لەکەرتی گشتیی وتایبەتدا کار دەکەن[٥].

- لێپرسینەوە (Accountability): لێپرسینەوە ئەو ئامرازەیە، کە کەسەکان و دامەزراوەکان دەتوانن لە ڕێگەیەوە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئەرکەکانیان هەڵبگرن؛ بەوەش جۆرێک لە دڵنیایی دروست دەبێت و هەر کەسێک دەزانێت، مامەڵە لەگەڵ کێ بکات؛ سەرەنجام کاری دامودەزگاکان بە گوێرەی

---

[1] Transparency International Organization, Transparency International Corruption Perceptions Index 2002, Press officer Jana, Berlin, 2002, P:6. Web site: www.transparency.org

[2] World Bank, World development report (1997), Washington D.C. Oxford (1) University P:102.

[3] Merriam-Webster Dictionary, at: https://www.merriam-webster.com/dictionary/corruption

[٤] فاطمة عبد جواد، الفساد الاداري والمالي واثاره السلبية على مؤسسات الدولة العراقية وسبل معالجته، بحث مقدم إلى الندوة العلمية، (١٥ أغسطس، ٢٠٢١). على الرابط الآتي: https://alummacenter.com/?p=2822

[٥] موسى اللوزي، التنمية الإدارية، عمان، دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، ص١٤١.

ئەو ئامانجەی دانراوە، بە قازانجی بە قازانجی بەرژەوەندی گشتی دەچێتە پێشەوە[(١)].

- ئاشکراکردنی دارایی: لە ڕێگەی ئەم شێوازەوە، ڕەوایەتی سەرچاوەی داهات و دەستکەوتی ئەو کەسانە دەخرێنە ژێر پرسیارەوە، کە خاوەنی پلە و وەزیفەی گشتین؛ ئەم شێوازە وا دەکات ئەو خاوەن پلە گشتییانەی، کە داراییەکانیان لە کاتی هەبوونی پۆست، بە شێوەیەکی ناسروشتی هەڵکشاوە و لەگەڵ دەستکەوت و داهاتە یاساییەکانیان ناگونجێ، دادگایی بکرێن[(٢)].

- دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو: فەرمانبەر لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاردا، هەمیشە چاو لە بەرپرسەکەی دەکات؛ لەبەرئەوە نابێت دەسەڵاتی جێبەجێبەجێکردن قبوڵ بکات، بەرپرسانی گەندەڵ و دەست پیس، لە پۆستەکاندا بن؛ پاشان هەر خۆی داوا لە لایەنی چاودێرکار و پەیوەندار بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی بکات، کە سزایان بدات[(٣)].

- ڕاگەیاندن: لە گرنگترین ئامرازەکانی چاودێری جەماوەرییە لەسەر دەسەڵات و دەزگا کارگێڕییەکان؛ چەکێکی بەکاریشە بۆ دۆزینەوە و بەگژداچوونی گەندەڵیی دارایی؛ لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، هاوڵاتیان دەتوانن ڕۆڵی خۆیان جێبەجێبکەن لە دۆزینەوە و نەشاردنەوەی عەیب و عارەکان؛ هەروەها دەشتوانن، شوێنی ناڕێکییەکان لە هەڵسوکەوتی حکومەتدا دیاری بکەن؛ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، خەم و سکاڵای هاوڵاتیان نیشان دەدەن و بەشوێن کاری دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەچن و ئەو سەرپێچی و تاوانکاریانەی ڕوودەدەن، دەریان دەخەن[(٤)].

- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی: وەک ڕێکخراوەکانی بواری پاراستنی مافی بەکاربەر، دەستپاکی، شەفافیەت، سەندیکا و کۆمەڵەکان؛ ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنیانە، ئامرازی گرنگ و کاریگەریان بەدەستەوەیە بۆ ئاشکراکردن و هاندان و پڕکردنی خەڵک لە دژی گەندەڵیی دارایی و بە سزاگەیاندنی گەندەڵکاران[(٥)].

### ٦- گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا:

تا ساڵی ٢٠١٠ـش زۆرجار بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان، نکوڵییان دەکرد لە بوونی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستان و بە توندی ڕووبەڕووی هەر کەس و لایەنێک دەبوونەوە، کە باسی هەبوونی گەندەڵیی دارایی بکردایە؛ بەڵام لە دوای ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی شوباتی ساڵی

---

(1) Hammond, Tinda, Developing Professional Model of Accountability for Our School, New York, Stanford University, 1999, P:14.

(٢) ئۆفوسۆ و ئەوانی دیکە، چوارچێوە یاساییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، و: کاروان کەریمخان، سۆران، کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٠، ل٢٠.

(3) Stephen P. Heyneman, and others, The Cost of Corruption in Higher Education, Journal of Comparative Education Review, Vol. 52, NO. 1, 2008, P:18.

(٤) ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵیی دارایی، و: سەلاح شاکەلی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥، ل٥٧.

(٥) حسين محمد مصلح، دور الاعلام في مكافحة الفساد، بحث مقدم للمؤتمر العلمي السنوي العاشر الذي تقيمه كلية حقوق، جامعة طنطا، ٢٠١٧، ص٢٣.

٢٠١١ی شاری سلێمانی، سەرۆکایەتی هەرێم وەک بەرزترین دامەزراوەی جێبەجێکردن و پەرلەمانی کوردستان، دانیان بە بوونی گەندەڵیی دارایی و پێویستی بەرەنگاربوونەوەیدا نا[١].

هەرێمی کوردستان لە بواری گەندەڵییدا، تائێستا خاوەنی ژمارە و ئاماژەی تایبەت بە خۆی نییە؛ ئەوەی هەیە، هەر ئەو ژمارە و ئاماژانەیە لە سەر ئاستی عێراق وەک وڵاتێک هەیە؛ عێراقیش ساڵانە لە پێوەرەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتییدا، لە پلەکانی پێشەوەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهانە؛ بەگوێرەی راپۆرتی ساڵی ٢٠٢١ی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق دەیەم گەندەڵترین وڵاتی جیهانە؛ لە کۆی ١٨٠ وڵات، لە پلەی ١٥٧ـیەمیندا دێت و لە کۆی ١٠٠ نمرە، تەنیا ٢٣ نمرەی بەدەستهێناوە[٢].

"دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا زیادیان کردووە و هەفتانە چەندین دۆسیەی تازەی گەندەڵیمان بۆ رەوانە دەکرێت"[٣] ئەمە دوایین لێدوانی حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستانە (٢٨-٠٣-٢٠٢٢) کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، سەرباری هەوڵ و کۆششەکانی ساڵانی رابردوو، بەڵام گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا، هێشتا لە قۆناغی نەشوماکردن و پەلهاویشتندایە؛ تائێستاش هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوە و خۆپارێزی، لە ئاستێکی پێویستدا نییە.

**٧- بوارەکانی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا:**

**أ- وەزیفەی گشتی:** بەهۆی دەستوەردانی حزب لە دامەزراندنی خەڵک لە کەرتی گشتییدا، ئەمرۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری موچەخۆر و کارمەندی گشتییە؛ تەنانەت بە دانپێدانانی بەرپرسانی حکومەتیش، ژمارەکە لەوە زیاترە کە پێویستە؛ لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ دا ژمارەی ئەو کەسانەی موچەیان لە حکومەت وەرگرتووە گەیشتووەتە ١٣٠،٠٠٠ کەس؛ لە ساڵی ٢٠٠٠ دا گەیشتووەتە ٤٥٠ هەزار و لە ساڵی ٢٠١٥ بەرزبووەتە بۆ یەک ملیۆن و ٣٤٤ هەزار موچەخۆر[٤]؛ لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ حکومەتی هەرێم پرۆسەی تۆمارکردنی موچەخۆرانی لە سیستمی بایۆمەتریدا دەستپێکرد، بەمەبەستی خاوێنکردنەوەی تۆماری موچەخۆران و ئامادەکردنی داتایەکی راست و دروست؛ بەوەش ژمارەی موچەخۆران بوو بە یەک ملیۆن و ٢٥٥ هەزار و ٢٧٣ کەس؛ بۆ دابینکردنی موچەی ئەو ژمارەیەش، حکومەت مانگانە پێویستی بە ٨٩٠ ملیار دینارە[٥].

---

[١] هێمن نامیق جەمیل، ئیرادەی سیاسی وەکو پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٣، ژمارە ٢، زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠، ل٢٠١.

[٢] ماڵپەری فەرمی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، رۆژی سەردانکردن (٣٠ ئازار ٢٠٢٢).

[٣] حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان، کۆنفرانسی رۆژنامەنووسی، پەیجی وێستگە نیوز، (٢٨ ئازار ٢٠٢٢). لەم ماڵپەڕە: https://fb.watch/c1UeEdNlXp/

[4] Hemn Namiq Jameel (Hemn Merany), A case study of Political Corruption in Conflict-Affected Societies (The Kurdistan Region of Iraq 2003-2013), Unpublished thesis, University of Leicester, Department of Politics and international Relations, 2017, P:210.

[٥] ئارام سوبحی، بندیوار.. مۆتەکەی بەردەم چاکسازی، گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤارێکی زانستییە لە لایەن سەنتەری

**ب- دۆسیەی نەوت:-** گرێبەستەکان: بەرێژەیەکی بەرچاو لە قازانجی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی نەوتە، بەو پێیەی گرێبەستی هاوبەشە؛ بەگوێرەی ئەم جۆرە لە گرێبەست، خەرجی و بەرهەم و داهاتی نەوت، لە نێوان کۆمپانیاکە و حکومەتدا بە ڕێژەیەکی جیاواز، دابەش دەکرێت[1].

- شەفافیەت: بەبیانووی ئەوەی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم، لەو ئاستەدا نییە وردبینی بۆ سکێتەرێکی وەکو نەوت بکات، تائێستا حکومەتی هەرێم رازی نەبووە ئەو دامەزراوەیە کاری وردبینی بۆ دۆسیەی نەوت بکات؛ لە هەموو ئەو ماوەیەدا و تائێستاشی لەگەڵدابێت، دیوانی چاودێری دارایی ڕێگە پێدراو نییە بۆ وردبینیکردنی داهاتی نەوت[2].

- داهاتی نەوت: لە ٥٨%ی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ خەرجی کۆمپانیا نەوتییەکان دەڕوات و تەنیا لە ٤٢%ی وەک داهات بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە[3].

**ج- داهاتی ناوخۆ:** لە سێ سەرچاوەی سەرەکی داهات پێکدێت، کە ئەوانیش بریتیین لە[4]:

- گومرگ (خاڵە سنورییەکان): داهاتی "راستەقینە"ی گومرگ مانگانە ٣٠٠ ملیار دینارە، بەڵام بەپێی داتا و زانیاری وەزارەتی دارایی، داهاتی مانگانەی گومرگ ١٠٧ ملیار و ٥٤٨ ملیۆن دینارە.

- رسومات: داهاتی مانگانەی رسومات ١٠٠ ملیار دینارە؛ زۆرینەی زۆری وەزارەتەکان، داهاتی تایبەتی خۆیان هەیە؛ بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٩ دا تەنیا وەزارەتی داد ١٣٢ ملیار دینار داهاتی هەبووە؛ بەڵام وەکو پێویست نەگەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.

- باج: داهاتی باج لە مانگێکدا ٩٠ ملیار دینارە؛ بەڵام بەهۆی خۆدزینەوەی بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاکان، بە تایبەت کۆمپانیاکانی دەسەڵات یان نزیک لەوان؛ داهاتی باج وەکو پێویست کۆناکرێتەوە؛ هەروەها وەرنەگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی بواری نەوت و خەڵە سنورییەکان و کۆمپانیاکانی پەیوەندی، یەکێکی ترە لە کێشەکان.

**د- بەرتیل:** لە هەرێمی کوردستاندا بەرتیل بوونی هەیە؛ ڕێژەی بەرتیلخۆری زیاتر لەو دامودەزگایانە دەردەکەوێت کە پەیوەندییان بە بواری خزمەتگوزاریی و کەرتی ئابوریی و بانک و پرۆژەی بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنانەوە هەیە[5].

---

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەردەکرێت، ژمارە ٢، تەموزی ٢٠٢٠، ل١٤٢-١٤٣.

[1] محەمەد رەوف، بودجە و کارتێکەرەکانی (شیکاریی گەندەڵیی دارایی و بەهەدەردانی بودجەی هەرێم)، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٥، ل٢٤٦

[2] ماڵپەری فەرمی عومەر گوڵپی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، (١ ئەیلول ٢٠٢١). لەم ماڵپەڕە: http://omargulpi.net/detail.aspx?kodtech=1516

[3] راپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، ماڵپەری درەو، (٢١ کانوونی یەکەم ٢٠٢١). لەم ماڵپەڕە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9351

[4] عومەر گوڵپی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، کۆنفرانسی رۆژنامەنووسی،(٢٤ ئایار ٢٠٢١). لەم ماڵپەڕە: https://fb.watch/cb_ftjeFeD/

[5] ساری ئەبوبەکر زەڵمی، چوارچێوەیەکی زانستی بۆ گەندەڵی ئابوری لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ناوەندی سارا، ٢٠٢٠، ل١٠٦-١٠٧.

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی:

**یەکەم: هەنگاوە بەراییەکان**

**١- جۆر و میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە وەکو جۆر دەچێتە خانەی توێژینەوە وەسفییەکان و وەک میتۆدیش، پشتی بە میتۆدی رووپێوی بەستووە؛ توێژەران فۆرمێکی پێوانەییان لەسەر بنەمای لیکەرتی پێنجی بونیاد نا، کە ٣٩ برگەی لە خۆگرتووە.

**٢- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان؛ سامپڵی توێژینەوەکەش، سامپڵێکی مەبەستدارە (عینة القصدیة) کە بریتییە لە سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨- ) بەشێوەی گەمارۆدانی گشتگیر (حصر شامل) وەرگیراون؛ کە ژمارەیان بە دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ١١١ ئەندامە؛ دوای دابەشکردنی فۆرمەکان، لە کۆی (١١١) فۆرم تونرا (٩٧) فۆرم بگەڕێتەوە.

**٣- بوارەکانی توێژینەوە:**

أ- بواری مرۆیی: بریتییە لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە ژمارەیان ١١١ کەسە.

ب- بواری شوێن: بریتیە لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ناو تەلاری پەرلەمانی کوردستان.

ج- بواری کات: بریتییە لەو کاتەی کە فۆرمی راپێوییەکە بەسەر پەرلەمانتاراندا دابەشکراوە و کۆکراوەتەوە و هەڵاوێرکراوە کە لە ٢٠٢١/١١/٩ تا ٢٠٢١/١٢/٦ بەردەوام بوو.

**٤- ئامرازەکانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پەنای بۆ فۆرمی پێوانەیی بردووە وەک ئامرازی توێژینەوە؛ توێژەران لەسەر بنەمای تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن، تەوەرە و برگەکانی فۆرمی پێوانەییەکەیان دارشت بۆ بەئاگابوون لە لێکەوتەکانی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، لەسەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و فۆرمەکە لە سێ تەوەر پێکهات.

**٥- دروستی رواڵەتی:** بۆ دەرهێنانی دروستی فۆرمی پێوانەیی توێژینەوەکە، توێژەران پشتیان بە رێگەی دروستی رواڵەتی بەستووە، کە بریتیە لە پیشاندانی فۆرمەکە بە ژمارەیەک هەڵسێنگێنەری ئاکادیمی(*) بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینییەکانی خۆیانی لەبارەوە بخەنە روو؛ دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان لە لایەن هەڵسەنگێنەرانەوە، تێبینییەکانیان بەهەند وەرگیراو فۆرمەکە بە رێژەی (٩١,٨%) رێکەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت؛ ئەمەش لە رووی زانستییەوە دروستی فۆرمەکە پیشان دەدات.

---

(*) **ناوی هەڵسەنگێنەران بەگوێرەی پلەی زانستییان:**

١- پ.ی.د. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٢- پ.ی.د. فوئاد عەلی ئەحمەد، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣- پ.ی.د. حەکیم عوسمان حەمید، بەشی راگەیاندن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٤- پ.ی.د. سەلام نەسرەدین محەمەد، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٥- پ.ی.د. کاروان محەمەد حەسەن، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٦- پ.ی.د. سامان جەلال مەولود، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین.

٧- پ.ی.د. یۆهان عوسمان حەمە حسێن، بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٦- **جێگیریی:** توێژەران تاقیکردنەوەی کرۆنباخ ئەلفا (Cronbach's Alpha) یان بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیریی فۆرمی پێوانەییەکە؛ کە بریتی بوو لە (٠,٩١٥) ئەمەش ئاستێکی بەرزە و جێگیریی فۆرمەکە دەسەلمێنێت.

٧- **پڕکردنەوەی فۆرمی پێوانەیی:** بۆ جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، توێژەران لەسەر بنەمای لیکەرتی پێنجی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمەکە، پێنج بژاردەیان خستبووە بەردەم لێتوێژەران کە بریتی بوون لە (هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، کەمجار، هەرگیز).

٨- **چارەسەرە ئامارییەکان:** توێژەران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، ئەم شێوازە ئامارییانەیان بەکارهێناوە:

أ- دووبارە و ڕێژەی سەدی، بۆ خستنە ڕووی زانیارییە گشتییەکانی لێتوێژەران.

ب- نێوەندی ژمێرەیی (Mean) و لادانی پێوەری (deviation) بۆ خستنە ڕووی ئەنجامی بڕگەکانی فۆرمی پێوانەیی.

ج- (T-Test) بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی تاک سامپڵ.

د- Independent-samples T-Test بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئەو گۆڕانکارییانەی بژاردەکانی لە دوو دانە پێکهاتوون.

هـ- (One-Way ANOVA) بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئەو گۆڕانکارییانەی بژاردەکانی سێ بەرەو سەرن.

و- کرۆنباخ ئەلفا Cronbach's Alpha بۆ دەرهێنانی جێگیریی فۆرمی پێوانەیی توێژینەوەکە.

ز- (LSD) بۆ دیاریکردنی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان کە لە بەرژەوەندی کام لایەندایە.

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی لێتوێژەران**

**١- زانیاری بنەڕەتی لێتوێژەران:**

دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە زۆرینەی بەشداربووی ئەم ڕاپرسییە لە ڕەگەزی نێرن و بە ڕێژەی ٧٠,١% بە پلەی یەکەم هاتوون؛ بە دوای ئەویشدا ڕەگەزی مێن، کە بە ڕێژەی ٢٩,٨% بە پلەی دووەم دێن؛ لە ڕووی تەمەنەوە بە پلەی یەکەم ئەوانە دێن کە تەمەنیان لە نێون ٣٥ - ٤٤ساڵیدایە؛ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٤٥ - ٥٥ ساڵیدایە، بە پلەی دووەم دێن؛ هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٥ - ٣٤ ساڵیدایە، بە پلەی سێیەم هاتوون و ئەوانەی تەمەنیان لە ٥٥ ساڵ و سەروترە، پلەی چوارەمیان گرتووە.

سەبارەت بە ئاستی خوێندنی لێتوێژەرانیش، هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە پلەی یەکەم و ماستەر بە پلەی دووەم دێن؛ پلەی سێیەمیش بەر هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم کەوتووە؛ هەر وەک هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا بە پلەی چوارەم دێن و پلەی پێنجەم و کۆتاییش هەڵگرانی بڕوانامەی بنەڕەتی دەگرێتەوە.

دەربارەی ئەندامێتی لێتوێژەران لە فراکسیۆنەکاندا، فراکسیۆنی پارتی بە پلەی یەکەم و یەکێتی بە پلەی دووەم و گۆڕان بە پلەی سێیەم دێت؛ پێکهاتەکان کە وەکو یەک فراکسیۆن مامەڵەیان

لەگەڵدا کراوە بە پلەی چوارەم دێن؛ فراکسیۆنی کۆمەڵ بە پلەی پێنجەم و یەکگرتوو بە پلەی شەشەم و نەوەی نوێ بە پلەی حەوتەم دێت؛ فراکسیۆنی پەرلەمانتارە سەربەخۆکان بە پلەی هەشتەم و فراکسیۆنی ئازادی بە پلەی نۆیەم دێت؛ بڕوانە خشتەی (١).

| خشتەی (١): خستنەڕووی زانیارییە بنەڕەتییەکانی لێتوێژەران | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گۆڕاوەکان | بژاردەکان | دووبارە | % | پلە |
| ڕەگەز | نێر | ٦٨ | ٧٠,١ | یەکەم |
| | مێ | ٢٩ | ٢٩,٨ | دووەم |
| | کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |
| تەمەن | ٢٥ - ٣٤ | ٢٣ | ٢٣,٧ | سێیەم |
| | ٣٥ – ٤٤ | ٣٩ | ٤٠,٢ | یەکەم |
| | ٤٥ - ٥٥ | ٢٨ | ٢٨,٨ | دووەم |
| | ٥٥ و سەروتر | ٧ | ٧,٢ | چوارەم |
| | کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |
| ئاستی خوێندن | بنەڕەتی | ٦ | ٦,١ | پێنجەم |
| | دبلۆم | ١١ | ١١,٣ | سێیەم |
| | بەکالۆریۆس | ٥٤ | ٥٥,٦ | یەکەم |
| | ماستەر | ١٧ | ١٧,٥ | دووەم |
| | دکتۆرا | ٩ | ٩,٢ | چوارەم |
| | کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |
| فراکسیۆن | پارتی | ٤٠ | ٤١,٢ | یەکەم |
| | یەکێتی | ١٩ | ١٩,٥ | دووەم |
| | گۆڕان | ١١ | ١١,٣ | سێیەم |
| | پێکهاتەکان | ٩ | ٩,٢ | چوارەم |
| | کۆمەڵ | ٧ | ٧,٢ | پێنجەم |
| | یەکگرتوو | ٤ | ٤,١ | شەشەم |
| | نەوەی نوێ | ٣ | ٣ | حەوتەم |
| | سەربەخۆ | ٣ | ٣ | هەشتەم |
| | ئازادی | ١ | ١ | نۆیەم |
| | کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |

**٢- ڕادەی پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییە کوردییەکان**

دوای هەڵاوێرکردنی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت بەوەی ئایا ئەوان پشت بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دەبەستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، بە پلەی یەکەم و

بە ڕێژەی ٧٥,٢٥% وەڵامیان بە بەڵێ بوو؛ بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٤,٧٥% وەڵامیان بە نەخێر بوو؛ بڕوانە خشتەی (٢).

| خشتەی (٢): خستنەڕووی ڕادەی پشتبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ڕادەی پشتبەستن | دووبارە | % | پلە |
| بەڵێ | ٧٣ | ٧٥,٢٥ | یەکەم |
| نەخێر | ٢٤ | ٢٤,٧٥ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ١٠٠ | |

### ٣- هۆکارەکانی پشتنەبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان

بۆ خستنە ڕووی هۆکاری پشتنەبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، لە لایەن ئەو ٢٤ لێتوێژەرەی بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، ئەم توێژینەوەیە چەند هۆکارێکی خستە بەردەم لێتوێژەران کە بۆیان هەبوو زیاد لە هۆکارێک هەڵبژێرن؛ لە ئەنجامدا دەرکەوت هۆکاری سەرەکی پشتنەبەستنی بەشێک لە پەرلەمانتاران، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی متمانەیان بە زانیارییەکانی هەواڵی ئەو تەلەڤزیۆنانە نییە؛ بە پلەی دووەمیش هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ئەو پەرلەمانتارانە لە بەدواداچوونی خۆیانەوە زانیارییان دەستدەکەوێت؛ بە پلەی سێیەمیش هۆکارەکەی بۆ نەبوونی کاتی پێویست دەگەڕێننەوە؛ بڕوانە خشتەی (٣).

| خشتەی (٣): خستنەڕووی هۆکاری پشتنەبەستن بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| هۆکارەکان | دووبارە | % | پلە |
| متمانەم بە زانیارییەکان نییە | ١٥ | ٤٨,٣ | یەکەم |
| لە بەدواداچوونی خۆمەوە زانیاریم دەستدەکەوێت | ١٣ | ٤١,٩ | دووەم |
| کاتم نییە تەماشای تەلەڤزیۆن بکەم | ٣ | ٩,٦ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣١(*) | ١٠٠ | |

### سێیەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی فۆرمی پێوانەیی

بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامی لایەنی پراکتیکی تایبەت بەلایەنی پێوانەکردن لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران مامەڵەیان لەگەڵ وەڵامی ئەو لێتوێژەرانەدا کرد، کە پشت بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دەبەستن و وەڵامی فۆرمی پێوانەکردنەکەیان داوەتەوە؛ کە ژمارەیان (٧٣) پەرلەمانتار بووە؛ بۆ گەیشتن بە چارەسەرە ئامارییەکان و دەرهێنانی نێوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بڕگەکان و پلەبەندکردنیان، توێژەران پرۆگرامی (spss) یان بەکارهێناوە؛ بۆ

(*) لێتوێژەران بۆیان هەبووە زیاد لە وەڵامێک هەڵبژێرن.

دیاریکردنی ئاستی کاریگەریتی برگەکانیش، توێژەران ئەم ڕێگەیان گرتەبەر:

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە بژاردەی لیکەرتی پێنجی بەکارهێناوە، بژاردەی (هەمیشە) بەهای ٥ وەردەگرێت؛ بژاردەی (زۆرجار) بەهای ٤ وەردەگرێت؛ بژاردەی (هەندێکجار) بەهای ٣ وەردەگرێت؛ بژاردەی (کەمجار) بەهای ٢ وەردەگرێت و بژاردەی (هەرگیز) بەهای ١ وەردەگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە بۆ دەرهێنانی مەودا (range)، زۆرترین بەها کەمترین بەهای لێدەردەکەین و دابەشی کۆی بژاردەکانی دەکەین؛ تا ئەنجامی مەودا بەردەست دەکەوێت، واتە (٥-١=٤) (٤÷٥=٠,٨٠). واتە مەودا دەکاتە: ٠,٨٠ ؛ بۆیە ڕادەی کاریگەریتی لەسەر پلەی بژاردەکان بەمشێوەیە دەبێت: ١ تا ١,٨٠ کاریگەرێتییەکی زۆر لاواز؛ ١,٨١ تا ٢,٦٠ کاریگەرێتییەکی لاواز؛ ٢,٦١ تا ٣,٤٠ کاریگەرێتییەکی مامناوەند؛ ٣,٤١ تا ٤,٢٠ کاریگەرێتییەکی بەهێز؛ ٤,٢١ تا ٥,٠٠ کاریگەرێتییەکی زۆر بەهێز.

ئەنجامی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەش بەگوێرەی فۆرمی پێوانەییەکە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**١- لێکەوتەی پشتبەستن بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی لەسەر پەرلەمانتاران:**

بۆ ئاشکراکردنی (لێکەوتەکانی پشتبەستن بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی لەسەر پەرلەمانتاران)، توێژەران ئەم هەنگاوانەیان گرتەبەر؛ دەرهێنانی نێوەندی ژمێرەیی ڕاستەقینە کە بریتی بوو لە (٩١,١٩%) لەگەڵ نێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە بریتی بوو لە (٨٧)؛ نێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی بریتیە لە: (کۆی بەهای بژاردەکان ÷ ژمارەی بژاردەکان × کۆی برگەکان) واتە (١٥ ÷ ٥ × ٢٩=٨٧)، لادانی پێوەری پێوانەکەشمان (١٥,٣٨) بوو، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی "ت" One-Sample T. Test دەرکەوت کە بەهای "ت" بریتیە لە (٢,٣٢) بە پلەی سەربەستی (٧٢) (df) و بە ئاماژەی (٠,٠٢) (sig)، واتە کەمترە لە بەهای خشتەیی کە (٠,٠٥)ە، ئەم ئەنجامەش لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، واتە هەواڵی گەندەڵی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان، لێکەوتەی هەبووە لەسەر پەرلەمانتاران؛ بڕوانە خشتەی (٤).

| خشتەی (٤): خستنەڕووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ وەڵامی لێتوێژەران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سامپڵ | کۆی نێوەندی ژمێرەیی ڕاستەقینەی برگەکان | کۆی نێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای "ت" T.Test | پلەی سەربەستی DF | ئاماژە Sig |
| ٧٣ | ٩١,١٩ | ٨٧ | ١٥,٣٨ | ٢,٣٢ | ٧٢ | ٠,٠٢ |

**٢- لێکەوتەی پشتبەستن بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی مەعریفی پەرلەمانتاران لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.**

دوای هەڵاوێرکردنی برگەکانی تەوەرەی تایبەت بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵی دارایی تەلەڤزیۆنە

هەواڵییەکان، لەسەر ئاستی مەعریفی پەرلەمانتاران، دەرکەوت ئاستی ناوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی کاریگەرێتییەکی مامناوەندە - بڕوانە خشتەی (٥). لەسەر ئاستی بڕگەکانیش، بڕگەی ژمارە (١٠) کە ئاماژە بەوە ددا هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان "کارئاسانی دەکات ئاگاداری کاریگەرێتییەکانی گەندەڵیی دارایی بم لەسەر ژیانی خەڵک." بە پلەی یەکەم دێت؛ لە پلەی دووەمیش، بڕگەی ژمارە (١) دێت کە جەخت لەوە دەکاتەوە "ئاگادارم دەکات لە دوایین پێشهات و ڕووداوەکانی گەندەڵیی دارایی." هەرچی بڕگەی ژمارە (٢)ە کە ئاماژە بەوەددا "زانیاریم دەداتێ دەربارەی لێکەوتە خراپەکانی گەندەڵیی دارایی." بە پلەی سێیەم دێت؛ ئەم بڕگەیە هەرچەندە نێوەندی ژمێرەییەکەی لەگەڵ بڕگەی ژمارە حەوت وەکو یەکە، بەڵام لەبەرئەوەی بڕگەی ژمارە دوو لادانی پێوەرییەکەی کەمترە، بۆیە هێز بۆ بڕگەی ژمارە دووە.

| خشتەی (٥): خستنەڕووی لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگە | ن.ژ | لا.پ | ئاست | پلە |
| ١٠ | کارئاسانی دەکات ئاگاداری کاریگەرێتییەکانبم لەسەر ژیانی خەڵک. | ٣,١٨ | ٠,٨٥٥ | مامناوەند | ١ |
| ١ | ئاگادارم دەکات لە دوایین پێشهات و ڕووداوەکانی گەندەڵیی دارایی. | ٢,٧٥ | ٠,٧٦٠ | مامناوەند | ٢ |
| ٢ | زانیاریم دەداتێ دەربارەی لێکەوتە خراپەکانی گەندەڵیی دارایی. | ٢,٧١ | ٠,٨٧٤ | مامناوەند | ٣ |
| ٧ | زانیاریم ناداتێ دەربارەی دۆسیەکانی گەندەڵیی دارایی. | ٢,٧١ | ٠,٩٩٣ | مامناوەند | ٤ |
| ٩ | متمانە بە زانیارییەکان دەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | ٢,٦٢ | ٠,٨٢٧ | مامناوەند | ٥ |
| ٦ | زانیاریم دەداتێ دەربارەی ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی. | ٢,٥٦ | ٠,٨٩٧ | نزم | ٦ |
| ٥ | ئاشنام دەکات بەو کەس و لایەنانەی لە گەندەڵیی داراییەوە تێوەگلاون. | ٢,٥٣ | ٠,٨٩٩ | نزم | ٧ |
| ٨ | ئاشنام دەکات بە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانی گەندەڵیی دارایی ڕابردوو. | ٢,٤٨ | ٠,٩١٥ | نزم | ٨ |
| ٤ | ئاشنام دەکات بە ئەزموونی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | ٢,٤٢ | ٠,٨٤٨ | نزم | ٩ |
| ٣ | کۆمەکم دەکات لە ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و بڕیارەکان. | ٢,٤٠ | ٠,٩٥٤ | نزم | ١٠ |
| **کۆی گشتی** | | **٢,٦٣** | **٠,٨٨٢** | **مامناوەند** | |

پلەی چوارەم بۆ بڕگەی ژمارە (٧)ە، کە ئاماژە بەوەددا "زانیاریم ناداتێ دەربارەی دۆسییەکانی

گەندەڵیی دارایی." بڕگەی ژمارە (٩) کە دەڵێت "متمانە بە زانیارییەکان دەکەم بۆبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." بە پلەی پێنجەم دێت؛ پلەی شەشەمیش بۆ بڕگەی ژمارە (٦)ە، کە ئاماژە بەوەدەدا "زانیاریم دەداتێ دەربارەی شێواز و ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." بڕگەی ژمارە (٥) کە دەڵێت "ئاشنام دەکات بەو کەس و لایەنانەی لە گەندەڵیی دارایی تێوەگلاون" بە پلەی حەوتەم دێت؛ بڕگەی ژمارە (٨) کە تیایدا هاتووە "ئاشنام دەکات بە ڕێڕەویی لێکۆڵینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی رابردوو." بە پلەی هەشتەم دێت؛ پلەی نۆیەمی تەوەرەکە بۆ بڕگەی ژمارە (٤)ە، کە دەڵێت "ئاشنام دەکات بە ئەزموونی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." دوا بڕگەی ئەم تەوەرەیە کە لە پلەی دەیەمدایە، بڕگەی ژمارە (٣)یە کە ئاماژە بەوەدەدا "کۆمەکم دەکات لە ئامادەکردنی پرۆژەیاسا و بڕیارەکان.".

بەپێی ئەنجامی بڕگەکانی ئەم تەوەرەیە دەردەکەوێت، هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، لەدیدی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانەوە، نەیتوانیوە کاریگەرێتییەکی بەهێزیان لە ڕووی مەعریفییە لەسەر دروست بکات.

**٣- لێکەوتەی پشتبەستن بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی ویژدانی پەرلەمانتاران لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.**

دوای هەڵاوێرکردنی بڕگەکانی تەوەرەی دووەم، کە تایبەتن بە لێکەوتەی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی ویژدانی پەرلەمانتاران؛ دەرکەوت ئاستی نێوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی کاریگەرێتییەکی بەهێزی هەیە؛ لەسەر ئاستی بڕگەکانیش، بڕگەی ژمارە (٩) بە پلەی یەکەم دێت، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "ئاسودە دەبم بە بیستنی هەواڵی دادگاییکردنی گەندەڵکاران." لە پلەی دووەمیشدا بڕگەی ژمارە (٥) دێت کە تیایدا هاتووە "نیگەران دەبم کاتێک لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی هیچ ئەنجامێکی نابێت." لە پلەی سێیەمی ئەم تەوەرەیەدا، بڕگەی ژمارە (٢) بەرچاو دەکەوێت کە ئاماژە بەوەدەدا "ئاسودە دەبم کاتێک هەواڵی لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی دەبیستم." بڕگەی ژمارە (٧) کە جەخت لەوە دەکاتەوە "هەست بە بێزاری دەکەم کە قەبارەی گەندەڵیی دارایی لە هەرێم وەک خۆی ناخرێتە ڕوو." بە پلەی چوارەم دێت؛ بە دوای ئەوەدا و بە پلەی پێنجەم بڕگەی ژمارە (١) دێت کە ئاماژە دەدا بەوەی "هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی." لە پلەی شەشەمیش بڕگەی ژمارە (٨) هاتووە کە جەختدەکاتەوە لەوەی "دابەشبوونی کەناڵەکان بەسەر حزبەکاندا، بێ متمانەم دەکات بەرامبەر بە زانیارییەکان." بڕگەی ژمار (٤) کە ئاماژەی بەوەکردووە "پێداگری زیاترم بۆ دروست دەکات بۆ لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی ." بە پلەی حەوتەم دێت؛ پلەی هەشتەمی ئەم تەوەرەیە بەر بڕگەی ژمارە (٣) کەوتووە، کە تیایدا باسی لەوەکردووە، "ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییم لا بەهێز دەکات." لە کۆتا پلەشدا کە پلەی نۆیەمە، بڕگەی ژمارە (٦) بەرچاو دەکەوێت کە تیایدا هاتووە "تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبم بەرامبەر دۆخی گەندەڵیی دارایی لە هەرێم.".

بەوردبوونەوە لە داتا و ژمارەکانی تایبەت بەم تەوەرەیە، دەردەکەوێت بەگشتی هەواڵی

گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لە رووی هەست و سۆزەوە، کاریگەرێتییەکی بەهێزی لەسەر ویژدانی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دروستکردووە؛ بڕوانە خشتەی (٦).

| خشتەی (٦): لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگە | ن.ژ | لا.پ | ئاست | پلە |
| ٩ | ئاسوودە دەبم بە بیستنی هەواڵی دادگاییکردنی گەندەڵکاران. | ٤,٤٠ | ٠,٩٥٤ | زۆر بەهێز | ١ |
| ٥ | نیگەران دەبم کاتێک لێپێچینەوە لە دۆسیەکانی گەندەڵیی هیچ ئەنجامێکی نابێت. | ٤,٢١ | ٠,٩٩٩ | زۆر بەهێز | ٢ |
| ٢ | ئاسوودەدەبم کاتێک هەواڵی لێپێچینەوە لە دۆسیەکانی گەندەڵیی دارایی دەبیستم. | ٤,١٦ | ٠,٩٧٢ | بەهێز | ٣ |
| ٧ | هەست بە بێزاری دەکەم قەبارەی گەندەڵیی دارایی وەک خۆی ناخرێتە ڕوو. | ٣,٩٥ | ١,٠٣٩ | بەهێز | ٤ |
| ١ | هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | ٣,٧٧ | ٠,٩٦٥ | بەهێز | ٥ |
| ٨ | دابەشبوونی کەناڵەکان بەسەر حزبەکاندا بێ متمانەم دەکات بەرامبەر زانیارییەکان. | ٣,٦٧ | ١,١٠٦ | بەهێز | ٦ |
| ٤ | پێداگری زیاترم بۆ دروست دەکات بۆ لێپێچینەوە لە دۆسیەکانی گەندەڵیی. | ٣,٤٩ | ١,٠٠٢ | بەهێز | ٧ |
| ٣ | ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییم لا بەهێز دەکات. | ٣,٣٧ | ١,٠٧٤ | مامناوەند | ٨ |
| ٦ | تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبم بەرامبەر دۆخی گەندەڵیی دارایی لە هەرێم. | ٢,٩٥ | ٠,٩٨٤ | مامناوەند | ٩ |
| **کۆی گشتی** | | **٣,٧٧** | **١,٠١٠** | **بەهێز** | |

**٤- لێکەوتەی پشتبەستن بە هەواڵی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر رەفتاری پەرلەمانتاران لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا.**

دوای هەڵاوێرکردنی بڕگەکانی تەوەرەی سێیەم کە تایبەتن بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر رەفتاری پەرلەمانتاران، دەرکەوت ئاستی نێوەندی ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی کاریگەرێتییەکی مامناوەندی هەیە - بڕوانە خشتەی (٧)؛ لەسەر ئاستی بڕگەکانیش بڕگەی ژمارە (٧) بە پلەی یەکەم دێت کە تیایدا هاتووە "هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان وادەکات هەوڵی دروستکردنی فشار و پێکهێنانی کۆدەنگی بدەم" ، بە پلەی دووەمیش بڕگەی ژمارە (١) دێت کە جەخت لەوە دەکاتەوە "بەدواداچوون بۆ زانیارییەکان دەکەم و ڕێوشوێنە یاساییەکان دەگرمەبەر." ، بڕگەی ژمارە (٦) کە دەڵێ "لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە هەوڵی جوڵاندنی دۆسییەکان

دەدەم.” بە پلەی سێیەم دێت؛ لە پلەی چوارەمیش بڕگەی ژمارە (١٠) دێت کە ئاماژە بەوە دەدات “هۆکاری ڕاگەیاندنی جیاواز بەکاردەهێنم بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی.” ، بە پلەی پێنجەمیش بڕگەی ژمارە (٢) بەرچاو دەکەوێت کە تیایدا هاتووە “لەگەڵ هاوکارەکانم لە پەرلەمان تاوتوێی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی دەکەم.” ، بڕگەی ژمارە (٨) بە پلەی شەشەم دێت کە ئاماژە دەدا بەوەی وا دەکات “بەشداری چالاکییە جەماوەرییەکان بکەم.” ، بڕگەی ژمارە (٤) کە پلەی حەوتەمی ئەم تەوەرەیەی گرتووە و تیایدا دەڵێت “پرسیار ئاراستەی حکومەت دەکەم و داوای ڕوونکردنەوە دەکەم.” ، پلەی هەشتەم کە بەر بڕگەی ژمارە (٥) دەکەوێت تیایدا ئاماژە بەوە دەدا “وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار بانگهێشت دەکەم بۆ پەرلەمان.” ، پلەی پێش کۆتایی کە پلەی نۆیەمە بۆ بڕگەی ژمارە (٣)ە و تیایدا هاتووە “وا دەکات پرۆژە یاسا پێشکەش بکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی.” ، بڕگەی ژمارە (٩) دوا بڕگەی ئەم تەوەرەیە و بە پلەی دەیەم هاتووە کە دەڵێ “لە هەژماری خۆم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جارێکی تر هەواڵەکان بڵاودەکەمەوە.”.

| خشتەی (٧): لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگە | ن.ژ | لا.پ | ئاست | پلە |
| ٧ | وا دەکات هەوڵی دروستکردنی فشار و پێکهێنانی کۆدەنگی بدەم. | ٣,٤٧ | ٠,٩٥٩ | بەهێز | ١ |
| ١ | بەدواداچـوون بۆ زانیارییەکان دەکەم و ڕێوشوێنە یاساییەکان دەگرمەبەر. | ٣,٣٤ | ٠,٩١٦ | مامناوەند | ٢ |
| ٦ | لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە هەوڵی جوڵاندنی دۆسیەکان دەدەم. | ٣,٣٣ | ٠,٩٨٧ | مامناوەند | ٣ |
| ١٠ | ڕاگەیاندنی جیاواز بەکاردەهێنم بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی. | ٣,٢٧ | ٠,٩٧٦ | مامناوەند | ٤ |
| ٢ | لەگەڵ هاوکارەکانم لە پەرلەمان تاوتوێی هەواڵەکانی گەندەڵیی دارایی دەکەم. | ٣,٢٣ | ١,٠٢١ | مامناوەند | ٥ |
| ٨ | وا دەکات بەشداری چالاکییە جەماوەرییەکان بکەم. | ٣,١٥ | ١,١٦٣ | مامناوەند | ٦ |
| ٤ | پرسیار ئاراستەی حکومەت دەکەم. | ٣,١١ | ١,٠٣٥ | مامناوەند | ٧ |
| ٥ | وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار بانگهێشت دەکەم بۆ پەرلەمان. | ٢,٨٦ | ١,٠٧٩ | مامناوەند | ٨ |
| ٣ | وا دەکات پرۆژە یاسا پێشکەش بکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی. | ٢,٦٦ | ١,٠٠٣ | مامناوەند | ٩ |
| ٩ | لە هەژماری خۆم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جارێکی تر هەواڵەکان بڵاودەکەمەوە. | ٢,٤٤ | ١,١١٨ | نزم | ١٠ |
| **کۆی گشتی** | | **٣,٠٨** | **١,٠٢٦** | **مامناوەند** | |

بە وردبوونەوە لەم داتایانە دەگەینە ئەو ئاماژەیەی کە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، لە دیدی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانەوە، کاریگەرێتییەکی مامناوەندیان هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕەفتاریان لە بواری بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا.

**٥- لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لە سەرجەم تەوەرەکاندا:**

بە وردبوونەوە لە زانیارییەکانی لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر پەرلەمانتاران تایبەت بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، دەردەکەوێت کە لێکەوتە لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران بە بەراورد لەگەڵ تەوەرەکانی دیکەدا بە پلەی یەکەم دێت؛ بە پلەی دووەمیش، تەوەرەی لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانە لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران؛ پلەی سێیەم و کۆتاییش، لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانە لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران؛ ئەمەش نیشانەی ئەوەیە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، زیاتر کاریگەرێتیان کردووەتە سەر هەست و سۆزی پەرلەمانتاران و هەندێکجاریش کاریگەرێتیان لەسەر ڕەفتاریان هەبووە؛ بەگشتی کاریگەرێتی هەر سێ تەوەرەکە لە یەکترەوە نزیکە و بەکۆی گشتی کاریگەرێتییەکی مامناوەندیان هەیە؛ بڕوانە خشتەی (٨).

| خشتەی (٨): خستنەڕووی لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لە سەرجەم تەوەرەکاندا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەوەر | جۆری لێکەوتە | ن.ژ | لا.پ | ئاست | پلە |
| یەکەم | لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران. | ٢,٦٣ | ٠,٨٨٢ | مامناوەند | ٣ |
| دووەم | لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران. | ٣,٧٧ | ١,٠١٠ | بەهێز | ١ |
| سێیەم | لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران. | ٣,٠٨ | ١,٠٢٦ | مامناوەند | ٢ |
| **کۆی گشتی** | | **٣,١٦** | **٠,٩٧٢** | **مامناوەند** | |

**٦- جیاوازییە ئامارییەکان لە وەڵامی لێتوێژەراندا:**

أ- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (T) دەردەکەوێت کە لە هەر سێ تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم و تەوەرەی سێیەم، کە تایبەتن بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتاری لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لێتوێژەراندا، بە گوێرەی جیاوازی ڕەگەز؛ چونکە بەهای ئاماژە لە هەر سێ تەوەرەکەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ بە واتای ئەوەی جیاوازی ڕەگەزی

پەرلەمانتاران، هیچ جیاوازییەک دروست ناکات لە پشت بەستنیان بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ بڕوانە خشتەی (٩).

| خشتەی (٩): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی ڕەگەزی لێتوێژەران | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەوەرەکان | ڕەگەز | ن.ژ | لا.پ | T | ئاماژە |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی مەعـریفی پەرلەمانتاران | نێر | ٢,٦٥ | ٠,٦٢١ | ٠,٢٧٥ | ٠,٧١٣ |
| | مێ | ٢,٦٠ | ٠,٥٣٧ | | |
| لێکـەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسـەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران | نێر | ٣,٤٢ | ٠,٥٧٤ | ٠,٥٩٠ | ٠,٢٠٥ |
| | مێ | ٣,٣٣ | ٠,٦٥٥ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسـەر لایەنی ڕەفـتـاری پەرلەمانـتاران | نێر | ٣,٠٩ | ٠,٧٤٢ | ٠,١٢٦ | ٠,٥١٠ |
| | مێ | ٣,٠٦ | ٠,٨٣٤ | | |

ب- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی تەمەن

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت کە لە هەر سێ تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم و تەوەرەی سێیەم، کە تایبەتن بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتاری لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی تەمەن؛ چونکە بەهای ئاماژە لە هەر سێ تەوەرەکەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ بە واتای ئەوەی جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران، هیچ جیاوازییەکی دروست نەکردووە، لە پشت بەستنیان بە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ بڕوانە خشتەی (١٠).

| خشتەی (١٠): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی تەمەنی لێتوێژەران | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەوەرەکان | تەمەن | ن.ژ | لا.پ | F | ئاماژە |
| لێکـەوتەی هـەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران | ٢٥-٣٤ ساڵ | ٢,٤٠ | ٠,٦١٤ | ٢,٤٤٢ | ٠,٠٧٢ |
| | ٣٥-٤٤ ساڵ | ٢,٨١ | ٠,٥٣٩ | | |
| | ٤٥-٥٥ ساڵ | ٢,٧٠ | ٠,٥٤٨ | | |
| | ٥٥ سەروتر | ٢,٤٠ | ٠,٧١٠ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران | ٢٥-٣٤ ساڵ | ٣,٣٦ | ٠,٦٦٢ | ٠,٨٦٤ | ٠,٤٦٤ |
| | ٣٥-٤٤ ساڵ | ٣,٢٩ | ٠,٦٥٨ | | |
| | ٤٥-٥٥ ساڵ | ٣,٤٩ | ٠,٤٣٧ | | |
| | ٥٥ سەروتر | ٣,٧٠ | ٠,٥٢٤ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ڕەفتاری پەرلەمانتاران | ٢٥-٣٤ ساڵ | ٣,٠٨ | ٠,٩٥٣ | ١,٤٥٥ | ٠,٢٣٥ |
| | ٣٥-٤٤ ساڵ | ٣,١٣ | ٠,٦٧٠ | | |
| | ٤٥-٥٥ ساڵ | ٢,٨٨ | ٠,٦٣٢ | | |
| | ٥٥ سەروتر | ٣,٦٦ | ٠,٧٦٣ | | |

ج- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی بڕوانامە

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت کە لە هەردوو تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم، کە تایبەتن بە بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی مەعریفی و ویژدانی لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لتوێژەراندا بەگوێرەی جیاوازی بڕوانامە؛ چونکە بەهای ئاماژە لەو دوو تەوەرەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ بەڵام تەوەرەی سێیەم کە تایبەتە بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی ڕەفتاریی، دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا؛ بەو پێیەی بەهای ئاماژەی ئەم تەوەرە بریتییە لە ٠,٠٤٤ کە کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەو جیاوازییەش بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی ئەوانەیە کە بڕوانامەی دیبلۆمیان هەیە دواتر ئەو پەرلەمانتارانەی بڕوانامەی بنەڕەتیان هەیە؛ ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت ئەو پەرلەمانتارانە بەهۆی ئاستی خوێندنەکەیانەوە، هەوڵیانداوە زانیاری زیاتر وەربگرن و لە بواری خۆیاندا قاڵ ببنەوە، هەر بۆیە هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، زیاتر کاریگەرێتی کردووەتە سەر ڕەفتاریان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ بڕوانە خشتەی (١١).

خشتەی (١١): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی بڕوانامەی لێتوێژەران

| تەوەرەکان | بڕوانامە | ن.ژ | لا.پ | F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران | بنەڕەتی | ٣,١٦ | ٠,٣٢١ | ١,٩٦١ | ٠,١٢٨ |
| | دیبلۆم | ٢,٣٢ | ٠,٦٨١ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٢,٧٠ | ٠,٥٨٨ | | |
| | خوێندنی باڵا | ٢,٥٣ | ٠,٥٤٠ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران | بنەڕەتی | ٣,٤٣ | ٠,٧٥٠ | ١,٠٠٣ | ٠,٣٩٧ |
| | دیبلۆم | ٣,٧٣ | ٠,٤٧١ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٣,٣٤ | ٠,٥٣٤ | | |
| | خوێندنی باڵا | ٣,٣٦ | ٠,٧٥٥ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران | بنەڕەتی | ٣,٣٣ | ٠,٥٥٠ | ٢,٨٤٩ | ٠,٠٤٤ |
| | دیبلۆم | ٣,٧٠ | ٠,٩٤٥ | | |
| | بەکالۆریۆس | ٢,٩١ | ٠,٦٩٣ | | |
| | خوێندنی باڵا | ٣,١٨ | ٠,٧٦٩ | | |

د- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی فراکسیۆن

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت، کە لە هەردوو تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی سێیەم کە تایبەتن بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی مەعریفی و ڕەفتاری لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی

لێتوێژەراندا بەگوێرەی جیاوازی فراکسیۆن؛ چونکە بەهای ئاماژە لەو دوو تەوەرەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ - ؛ بڕوانە خشتەی (١٢).

خشتەی (١٢): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی فراکسیۆنی لێتوێژەران

| تەوەرەکان | فراکسیۆن | ن.ژ | لا.پ | F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران | پارتی | ٢,٦٧ | ٠,٦٦٥ | ٠,٧٤٦ | ٠,٦٥١ |
| | یەکێتی | ٢,٤٢ | ٠,٦٠١ | | |
| | گۆڕان | ٢,٧٥ | ٠,٧١٩ | | |
| | کۆمەڵ | ٢,٨٨ | ٠,٤٠٢ | | |
| | پێکهاتەکان | ٢,٥٥ | ٠,٣٥٥ | | |
| | یەکگرتوو | ٣,٠٥ | ٠,٠٥٧ | | |
| | نەوەی نوێ | ٢,٥٠ | ٠,٧٢١ | | |
| | سەربەخۆ | ٢,٤٠ | ٠,٦٢٤ | | |
| | ئازادی | ٢,٦٠ | ٠ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران | پارتی | ٣,٢٥ | ٠,٦٣٣ | ٢,١٩١ | ٠,٠٤٠ |
| | یەکێتی | ٣,١٤ | ٠,٦٤٩ | | |
| | گۆڕان | ٣,٨٨ | ٠,٢٧٤ | | |
| | کۆمەڵ | ٣,٦٥ | ٠,٤٣٧ | | |
| | پێکهاتەکان | ٣,١٨ | ٠,٥٠١ | | |
| | یەکگرتوو | ٣,٦٥ | ٠,٢٣٨ | | |
| | نەوەی نوێ | ٣,٦٣ | ٠,٣٧٨ | | |
| | سەربەخۆ | ٣,٧٣ | ٠,٦٤٢ | | |
| | ئازادی | ٤,٢٠ | ٠ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران | پارتی | ٢,٨٥ | ٠,٦٨٨ | ١,٣٠٠ | ٠,٢٦٠ |
| | یەکێتی | ٣,٠١ | ٠,٧٧٣ | | |
| | گۆڕان | ٣,٥٦ | ٠,٨٥٥ | | |
| | کۆمەڵ | ٣,٣٦ | ٠,٧٤٢ | | |
| | پێکهاتەکان | ٢,٨٢ | ٠,٨٤٤ | | |
| | یەکگرتوو | ٣,٢٠ | ٠,٣٣٦ | | |
| | نەوەی نوێ | ٣,٨٠ | ٠,٩٥٣ | | |
| | سەربەخۆ | ٣,٢٦ | ٠,٩٦٠ | | |
| | ئازادی | ٣,٣٠ | ٠ | | |

بەڵام، تەوەرەی دووەم کە تایبەتە بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر ئاستی ویژدانی، دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا؛ بەو پێیەی بەهای ئاماژە لەم تەوەرەدا بریتییە لە ٠,٠٤٠ کە ئەوەش کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەو جیاوازییەش بە گوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی فراکسیۆنی ئازادی دایە؛ چونکە

بەرزترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە لە تەوەرەکەدا؛ فراکسیۆنی ئازادی، فراکسیۆنی حزبی شیوعی کوردستانە و لە تەنیا یەک پەرلەمانتار پێکهاتووە، کە وەکو فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن خۆی ناساندووە؛ بە دوای ئەوەدا پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی گۆڕان، سەربەخۆکان، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ دێن؛ بەپێی ئەو ئەنجامانە دەردەکەوێت، هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، زیاتر کاریگەرێتی کردووەتە سەر ویژدانی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنن.

هـ- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی ئامرازی تەماشاکردن

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت لە تەوەرەی یەکەمدا کە تایبەتە بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا؛ بەو پێیەی بەهای ئاماژە لەم تەوەرەدا بریتییە لە ٠,٠٠٥ کە ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەو جیاوازییەش بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی ئەوانەیە، کە ئامرازی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن، بۆ تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن؛ ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە ئەو پەرلەمانتارانە، بەمەبەستەوە کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن بۆ گەڕان بە دوای زانیارییەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی؛ چونکە کۆمپیوتەر بەراورد بە ئامرازەکانی دیکە، زیاتر کردەییترە بۆ گەڕان و کۆکردنەوە و تۆمارکردنی زانیاریی لەبارەی بابەتە جیاوازەکان؛ بەڵام ئەو پەرلەمانتارانەی مۆبایل بەکاردەهێنن کەمترین نێوەندی ژمێرەییان هەیە لە تەوەرەکەدا، ئەوەش ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت ئەو پەرلەمانتارانە بەشێوەیەکی گشتی بەبێ ئەوەی مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراویان هەبێت، گەڕان دەکەن بە نێو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا - ، بڕوانە خشتەی(١٣).

| خشتەی (١٣): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی ئامرازی تەماشاکردن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەوەرەکان | ئامراز | ن.ژ | لا.پ | F | ئاماژە |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران | تەلەڤزیۆن | ٢,٨٣ | ٠,٦١٨ | ٥,٦٢٠ | ٠,٠٠٥ |
| | مۆبایل | ٢,٤٩ | ٠,٥٢٣ | | |
| | کۆمپیوتەر | ٣,٥٥ | ٠,٦٣٦ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران | تەلەڤزیۆن | ٣,٤٢ | ٠,٦٢٦ | ٠,١٠٢ | ٠,٩٠٣ |
| | مۆبایل | ٣,٣٨ | ٠,٥٩٦ | | |
| | کۆمپیوتەر | ٣,٢٥ | ٠,٤٩٤ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران | تەلەڤزیۆن | ٣,٣٥ | ٠,٦٤٩ | ٢,٣٥٣ | ٠,١٠٣ |
| | مۆبایل | ٢,٩٤ | ٠,٧٩١ | | |
| | کۆمپیوتەر | ٣,٢٥ | ٠,١٠٦ | | |

هەرچی سەبارەت بە تەوەرەی دووەم و تەوەرەی سێیەمە کە تایبەتن بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر لایەنی ویژدانی و ڕەفتاری پەرلەمانتاران لە پرسی

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لتوێژەراندا، بەگوێرەی جیاوازی ئامرازی تەماشاکردن؛ چونکە بەهای ئاماژە لەو دوو تەوەرەدا، زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥.

و- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی ماوەی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (F) دەردەکەوێت لە تەوەرەی یەکەمدا کە تایبەتە بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا؛ بەو پێیەی بەهای ئاماژە لەم تەوەرەدا بریتییە لە ٠,٠٤٠ کە ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ ئەو جیاوازییەش بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی ئەوانەیە کە لە ٣ کاتژمێر بۆ سەرەوە تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن؛ چونکە بەرزترین نێوەندی ژمێرەیی هەیە لە تەوەرەکەدا، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت، ئەو پەرلەمانتارانەی زیاتر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن، زیاتر هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، لێکەوتەی هەبووە لەسەر لایەنی مەعریفییان.

لە تەوەرەی دووەم و تەوەرەی سێیەمدا کە تایبەتن بە لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان لەسەر لایەنی ویژدانی و ڕەفتاری پەرلەمانتاران لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا، دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لتوێژەراندا بەگوێرەی جیاوازی ماوەی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن؛ چونکە بەهای ئاماژە لەو دوو تەوەرەدا زیاترە لە بەهای خشتەیی ٠,٠٥ ؛ بڕوانە خشتەی(١٤).

| تەوەرەکان | ماوەی تەماشاکردن | ن.ژ | لا.پ | F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی (١٤): خستنەڕووی جیاوازی ئاماریی بەگوێرەی ماوەی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن | | | | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی مەعریفی پەرلەمانتاران | ١-٢ کاتژمێر | ٢,٦١ | ٠,٥٤٨ | ٢,٦٢٣ | ٠,٠٤٠ |
| | ٢-٣ کاتژمێر | ٢,٦٨ | ٠,٥٧٥ | | |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٣,٢٧ | ٠,٩٥٣ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران | ١-٢ کاتژمێر | ٣,٤٢ | ٠,٦١٨ | ٠,٧٣٢ | ٠,٤٨٤ |
| | ٢-٣ کاتژمێر | ٣,٣٩ | ٠,٥٠٩ | | |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٣,٠٥ | ٠,٨٧٣ | | |
| لێکەوتەی هەواڵی گەندەڵیی دارایی لەسەر لایەنی ڕەفتاری پەرلەمانتاران | ١-٢ کاتژمێر | ٣,٠٨ | ٠,٨١٧ | ٠,٩٧٣ | ٠,٣٨٣ |
| | ٢-٣ کاتژمێر | ٢,٩٩ | ٠,٥٩٢ | | |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٣,٥٧ | ٠,١٠٥ | | |

## دەرەنجامەکان:

دوای تاوتوێکردنی ئەنجامی توێژینەوەکە، توێژەران گەیشتوونەتە ئەم دەرەنجامانە:

١- هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستاندا، تا ئەندازەیەکی باش لە لایەن پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستانەوە، پشتیان پێ دەبەسترێت لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی داراییدا؛ بەڵام هەندێکیشیان تێبینییان لەسەر ئەو هەواڵانە هەیە، کە وایکردووە پشتی پێ نەبەستن؛ لە دیارترین ئەو تێبینیانەش ئەوەیە، متمانەیان بەو زانیاریانە نییە کە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، لەبارەی دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی دەیان خەنەڕوو.

٢- هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکاندا، بەئاستێکی مامناوەند سەبارەت بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، لێکەوتەی هەبووە لەسەر پەرلەمانتاران؛ ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو هەواڵانە، بەئەندازەیەکی زۆر نەیانتوانیوە سەبارەت بە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی، کاریگەرێتی دروست بکەن.

٣- هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵی لەسەر ئاستی مەعریفی پەرلەمانتاران لە دۆسییەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی، بەشێوەیەکی مامناوەند لێکەوتەی دروست کردووە؛ بەتایبەت لە ئاگادارکردنەوەی پەرلەمانتاران، لە دوایین پێشهات و ڕووداوەکانی گەندەڵیی دارایی؛ بەڵام لە پێدانی زانیاریی تا هاوکارییان بکات لە ئامادەکردنی پرۆژە یاسا و بڕیارەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، کاریگەرێتییەکەی کەمتر بووە بە بەراورد لەگەڵ بواره مەعریفییەکانی دیکەدا.

٤- دیارترین هەواڵ کە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان بڵاویان کردووەتەوە و لێکەوتەی هەبووە لەسەر لایەنی ویژدانی پەرلەمانتاران و ئاسودەیی پێ بەخشیون، هەواڵەکانی پەیوەست بە دادگاییکردنی گەندەڵکاران و لێپێچینەوە لە دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی بووە؛ لە بەرامبەردا نیگەران بوون لەوەی قەبارەی گەندەڵیی دارایی لە هەرێمی کوردستان وەکو خۆی ناخرێتە ڕوو.

٥- هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی لە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکان، توانیویەتی بە ئاستێکی مامناوەند لێکەوتەی هەبێت لەسەر ڕەفتاری پەرلەمانتاران، وەکو هەوڵدان بۆ دروستکردنی فشار و پێکهێنانی کۆدەنگی و بەدواداچوون بۆ زانیارییەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی و گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاساییەکان، بەڵام متمانەی زۆریان بە زانیارییەکان نییە و ئەوەش وایکردووە ڕێژەیەکی زۆر کەمی پەرلەمانتاران، جارێکی تر هەواڵەکان لە ڕێگەی هەژمارەکانی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکەنەوە.

٦- هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی لە تەلەڤزیۆنە هەواڵییەکاندا، زیاتر کاریگەرێتی کردووەتە سەر ویژدانی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنن؛ ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت، بەهۆی ئەوەی ئەو پەرلەمانتارانە لە پەرلەمان زۆرینە نین و هەروەها لە حکومەتدا بەشدارنین، کەمتر دەتوانن لە ڕووی ڕەفتارییەوە، بەرەنگاری گەندەڵیی دارایی ببنەوە.

٧- ئەو پەرلەمانتارانەی کە کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن بۆ سەیرکردنی تەلەڤزیۆن، هەواڵی گەندەڵیی دارایی کاریگەرێتی زیاتری لەسەر لایەنی مەعریفیان هەبووە؛ ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت، کۆمپیوتەر بەراورد بە ئامرازەکانی دیکە، زیاتر کردەییترە بۆ گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاریی لەبارەی

بابەتە جیاوازەکان؛ بەڵام ئەو پەرلەمانتارانەی مۆبایل بەکاردەهێنن، کەمترین کاریگەرێتی لەسەریان هەبووە؛ رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، ئەو پەرلەمانتارانە بەبێ ئەوەی مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراویان هەبێت، بە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕێن.

**پێشنیازەکان:**

١- گرنگیدانی زیاتر بە داتا و زانیارییەکانی ناو هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی و دڵنیابوونەوە لە راستیی و دروستییان، لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە؛ تا ببێتە جێگەی متمانەی ئەو کەس و لایەنانەی، کە پەیامەکەیان پێدەگات.

٢- بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ و سەردەمیانە، لە ئامادەکردنی هەواڵەکانی پەیوەست بە گەندەڵیی دارایی و خستنەڕووی داتا و زانیارییەکان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش، کە ببێتە هۆی زیادکردنی متمانەی وەرگر؛ هەروەها هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ پەخشکردنی، تا زۆرترین کاریگەرێتی دروست بکات.

٣- کارکردن لەسەر دۆسییەکانی گەندەڵیی دارایی، تەنیا بە ئامانجی وروژاندنی هەست و سۆزی وەرگر نەبێت، بەڵکو ئامانجەکە هەستکردن بێت بە بەرپرسیارێتی نیشتمانیی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە مەترسیدارە و دروستکردنی کاریگەرێتی لەسەر رەفتاری ئەو لایەنانەی، پەیوەستن بە بابەتی گەندەڵیی داراییەکەوە.

٤- ئامادەکارانی هەواڵەکانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی، زۆرترین هەماهەنگیی و پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی و پەرلەمانتاران و چالاکوانان دروست بکەن، تا ئەوانیش لای خۆیانەوە، لە هەژمارەکانی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو هەواڵانە دووبارە بڵاوبکەنەوە؛ تا بتوانن کاریگەرێتی زیاتر دروست بکەن.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: فەرهەنگ**

1. Merriam-Webster Dictionary, Available at:
https://www.merriam-webster.com/dictionary/corruption

**دووەم: کتێبی کوردی**

٢. ساری ئەبوبەکر زەڵمی، چوارچێوەیەکی زانستی بۆ گەندەڵی ئابوری لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ناوەندی سارا، ٢٠٢٠.

٣. محەمەد رەوف، بودجە و کارتێکەرەکانی (شیکاریی گەندەڵیی دارایی و بەهەدەردانی بودجەی هەرێم)، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٥.

**سێیەم: کتێبی وەرگێڕاو بۆ زمانی کوردی**

٤. ئۆفوسۆ و ئەوانی دیکە، چوارچێوە یاساییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی، و: کاروان کەریمخان، سۆران، کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٠.

٥. ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵیی دارایی، و: سەلاّح شاکەلی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥.

**چوارەم: کتێبی عەرەبی**

٦- هيثم هادي الهيتي، الإعلام السياسي والإخباري في الفضائيات، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٠.

٧- هيرش رسول مراد، الوظيفة الرقابية للصحافة، بيروت، مكتبة زين الحقوقية والادبية، ٢٠١٦.

٨- نها عبد المقصود، نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام الاسس والمنطقات، القاهرة، المعهد المصري للدراسات، ٢٠١٨، ص١.

٩- حسن عماد المكاوى و ليلى حسن السيد، الاتصال ونظرياته المعاصرة، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٨.

١٠- موسى اللوزي، التنمية الإدارية، عمان، دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٢.

**پێنجەم: کێبی وەرگێڕاو بۆ زمانی عەرەبی**

١١- ملفين ل. ديفلير، ساندرا بول روكيتش، نظريات وسائل الاعلام، ترجمة: كمال عبد الرؤوف، القاهرة، الدار الدولية للنشر والتوزيع، ١٩٩٢.

**شەشەم: کتێبی ئینگلیزی**

12- Transparency International Organization, Transparency International

Corruption Perceptions Index 2002, Press officer Jana, Berlin.
13- Hammond, Tinda, Developing Professional Model of Accountability for Our School, New York, Stanford University, 1999.
14- World Bank, World development report, Washington D.C. Oxford (1) University.

**حەوتەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**

**أ-عەرەبی**

١٥- بلحفصي وفاء و مسلم لمياء، تأثير الرسوم المتحركة على شخصية الطفل الجزائري، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة أم البواقي، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الإنسانية، الجزائر، ٢٠١٦.
١٦- هيرش رسول مراد، الوظيفة الرقابية للصحافة الكردية في إقليم كوردستان، اطروحة الدكتوراه، قسم الاعلام-الصحافة، كلية علوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١١.
١٧- مجاشع محمد علي، تناول برامج التلفزيون لقضايا الفساد بالعراق وعلاقتها بتشكيل معارف الجمهور تجاهها، اطروحة الدكتوراه، قسم علوم الاتصال والاعلام، كلية الاداب، جامعة عين شمس في مصر، ٢٠١٥.
١٨- نور أنور عاشور الدلو، دور التحقيق الصحفي في معالجة قضايا الفساد بالصحافة الفلسطينية دراسة تحليلية و ميدانية مقارنة، رسالة ماجستير، كلية الآداب، قسم الصحافة و الإعلام، الجامعة الإسلامية في غزة، ٢٠١٥.
١٩- عامر إبراهيم العمرو، تقييم الصحفيين الأردنيين لمهنية الأخبار في التلفزيون الأردني، رسالة الماجستير غير منشورة، قدمت الى جامعة البترا- الأردن، كلية الاعلام، قسم الصحافة والاعلام ، ٢٠١٥.

**ب- ئینگلیزی**

٢٠- Hemn Namiq Jameel (Hemn Merany), A case study of Political Corruption in Conflict-Affected Societies (The Kurdistan Region of Iraq 2003-2013), Unpublished thesis, University of Leicester, Department of Politics and international Relations, 2017.

**هەشتەم: توێژینەوەی بڵاوکراوە لە گۆڤارەکاندا و پەراوە زانستییەکان**

**أ- توێژینەوەی کوردی**

٢١- بارام سوبحی، بندیوار.. مۆتەکەی بەردەم چاکسازی، گۆڤاری ئایندەناسی، گۆڤارێکی زانستییە لە لایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەردەکرێت، ژمارە ٢، تەموزی ٢٠٢٠.
٢٢- هێمن نامیق جەمیل، ئیرادەی سیاسی وەکو پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٣، ژمارە ٢، زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠.

**ب- توێژینەوەی عەرەبی**

٢٣- حاتم بديوي الشمري و ابتهال جاسم رشيد، دور وسائل الإعلام في مكافحة الفساد العراق أنموذجا، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية، المجلد ٦، العدد ٤، جامعة بابل، ٢٠١٦.

٢٤- حسين محمد مصلح، دور الاعلام في مكافحة الفساد، بحث مقدم للمؤتمر العلمي السنوي العاشر الذي تقيمه كلية حقوق، جامعة طنطا، ٢٠١٧.

٢٥- محمد عبد البديع، دور الراديو والتليفزيون في غرس قيم الشفافية والنزاهة ومحاربة الفساد في المجتمع المصري دراسة نظرية كيفية، مجلة الإعلام والعلوم الاجتماعية للأبحاث التخصصية، مجلة علمية تصدر من قبل المعهد الماليزي للعلوم والتنمية، المجلد ١، العدد ٣، ٢٠١٦.

٢٦- فاطمة عبد جواد، الفساد الاداري والمالي واثاره السلبية على مؤسسات الدولة العراقية وسبل معالجته، بحث مقدم إلى الندوة العلمية، (١٥ أغسطس، ٢٠٢١).

٢٧- شعبانى مالك، دور التلفزيون في التنشئة الاجتماعية، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة محمد خيضر، العدد ٧، الجزائر، ٢٠١٢.

**ج- توێژینەوەی ئینگلیزی**

2٨- Stephen P. Heyneman, and others, The Cost of Corruption in Higher Education, Journal of Comparative Education Review, Vol. 52, NO. 1, 2008.

**نۆیەم: ماڵپەر و میدیای نوێ**

٢٩- حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان، کۆنفرانسی رۆژنامەنووسی، پەیجی وێستگە نیوز، (٢٨ ئازار ٢٠٢٢). بەردەستە لەم لینکە:
https://fb.watch/c1UeEdNlXp/

٣٠- ماڵپەری فەرمی عومەر گوڵپی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، (١ ئەیلول ٢٠٢١). بەردەستە لەم لینکە: http://omargulpi.net/detail.aspx?kodtech=1516

٣١- عومەر گوڵپی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، کۆنفرانسی رۆژنامەنووسی، (٢٤ ئایار ٢٠٢١). بەردەستە لەم لینکە: https://fb.watch/cb_ftjeFeD/

٣٢- ماڵپەری فەرمی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، رۆژی سەردانکردن (٣٠ ئازار ٢٠٢٢). بەردەستە لەم لینکە: https://www.transparency.org/en/cpi/2021

٣٣- راپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، ماڵپەری درەو، (٢١ کانوونی یەکەم ٢٠٢١). بەردەستە لەم لینکە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9351